ڕێگە ژێردەستەییەی ژنان بووە لەکۆمەڵگادا. ئەوان دەیانەوێت ژنان لە کۆمەڵگاو بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیدا لە ماڵدا یەخسیرکەن‌و تەحقیر ئامێز بەهێزی کاری هەرزانی خۆیانەوە ڕایانبگرن، تابەخاتری ئەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاری بتوانێ قازانج پەرستی سەرمایە بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا ڕابگرن. ئەگینا هیچ کەسێك بەقەد ژنان تامەزرۆی ئازادی‌و کەسایەتی سەربەخۆ نییە.

زنـــار: کەوایە چۆن دەتوانین ببینە بەشێك لەگۆڕان‌و گۆڕاوی دنیاو تێگەیشتن‌و خوێندنەوەی جیهانی ئافرەت وەك خۆی؟..

سەوسەن سەلیم: لەهەرکۆمەڵگایەکدا تەنانەت ئەگەر تەنها یەك ژن هەبێ کۆیلەو ژێر دەست بێت، ئەگەر تەنها یەك ژن مافی ئازادی‌و یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بۆ بەرەسمی نەناسرێ، ئەگەر تەنها یەك ژن ڕووبەڕووی فەرهەنگی ئاینی‌و پیاوسالاری‌و خێڵەکێتی ببێتەوە، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە ئازاد نیەو دەبێ لە ڕیشەوە بگۆردرێت. بۆئەوەشی ژنان بتوانن ڕۆڵی خۆیان لەم ئالوگۆڕەدا بگێڕن، دەبێ بەهێزی تەواوی خۆیانەوە شان بەشانی پیاوانی ئازادیخواو بەرەی چەپ‌و ئینسانی کۆمەڵگا بێنە نێو کۆڕی تیکۆشانەوە. لەپێشەوە دەبێ ژنان ڕیزی خۆیان لەدەسەڵاتداران‌و بزوتنەوە ئاینی‌و نەتەوەییەکان جیابکەنەوە، بەتایبەتی ئەم بزوتنەوەو دەسەڵاتانە تەجروبەی دژە ژن بوونی خۆیان سەلماندووەو بەم خاسیەتەشەوە دەبێ ژنان‌و بزوتنەوەکەیان خۆیان بەبەشێك لەخەباتی ئینسانی‌و مەدەنی‌و سکۆلاریستی کۆمەڵگابزانن. لەم چوارچێوەیەشدا دەبێ ژنان خۆیان ڕێکخراوبکەن لەڕێکخراوەی جەماوەری‌و لەشووراو کەمپینەکان‌و هەر ئۆرگانێکی ترداو هاوکات لائیحەی ڕۆشنی خواستەکانی خۆیان بۆ ئازادی‌و یەکسانی ژنان لەهەموو بووارەکاندا بەکۆمەڵگاو دەسەلاتداران، ڕابگەیەنن‌و یەخەی هێزە پێچەوانەکانی لەسەر بۆبگرن تائەو کاتەی هەموو ئەو خواستانە لەقانون‌و یاساکاندا جێگیردەکەن‌و نمونەی کۆمەڵگاو دەسەلاتێکی ئازادو یەکسان دیننەکایەوە.

بەڵام لەکەنار ئەمانەوە ژنان نابێ تەنها لەچوارچێوەی بزوتنەوەی داخوازیەکانی خۆیاندا خۆیان قەتیس بکەن‌و لەپیاوان‌و بزوتنەوە سیاسیە شۆڕشگێڕو پیشکەوتنخوازەکان خۆیان بەدور بگرن. کارێکی ئاوا ناتوانێ ئالۆگۆری ڕیشەیی بەدواوەبیت، بەڵکو دەبێ ژنان‌و بزوتنەوەکەیان وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی بۆ گرتن‌و بەشداریکردن لەدەسەڵاتدا خۆی بنوێنێ‌و لەکەنار ئەو پارت‌و بزوتنەوە سیاسیانەدا ڕاوەستن کە ئامانجی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسانیان لەبەرنامەدایە. لەیەك ووتەدا دەبی ژنان لەبزوتنەوەی سیاسی بۆ گۆڕینی دەسەلات‌و بەشداری کردن لەدەسەلاتدا تێبکۆشن، ئاخر ئەوە بەس نییە کە ژنان تەنها داوا لەکەسانێك بکەن خواستەکانیان بسەلمێنن‌و لەو لاشەوە دەسەڵات بۆ پیاوانی قەومی‌و ئاینی‌و قانون‌و نەزمەکەیان بەجێبهێڵن. بێگومان بۆهەموو ئەمانە ڕۆڵی ڕابەرانێکی بزوتنەوەی ژنان‌و ڕێکخراوە رادیکالەکانیان فاکتۆترێکی کاریگەرە. بەتایبەتی ئەم ڕابەرو هەڵسوڕاوانەی ژنان چ لە هێنانە مەیدانی ژنان‌و هوشیارکردنەوەیان‌و چ لەهەستیارکردنەوەی کۆمەڵگاو لە بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ڕزگاری فەرهەنگی وەدەرنانی بیروباوەری کۆنەپەرستانەی ئاینی‌و قەومی دەوریان هەیە.

زنـــار: دەکرێ پێگەی ئافرەت لەناو بیرو باوەڕە ئاسمانیەکان لەڕوانگەی ئێوەوە بزانین؟.

سەوسەن سەلیم: بەرای من هەموو ئایننەکان چ ئەوەی کەئێستا هەیەو چ ئەوەشی کەلەمێژوودا باسی لێوەکراوە، لەماهیەتیاندا دژی ژن بوون‌و لەگۆشەیەکی گرنگیاندا بۆ یەخسیرکردن‌و ژێر دەستەیی‌و کۆیلە بوونی ژنان دانراون. مێژوو نیشانی داوە کە هیچ پیغەمبەرێك لەئاینەکان لەژنان نەبووەو هەموویان پیاو بوون‌و هەموشیان ژنانیان بەموڵکی پیاوان‌و بۆ خزمەت‌و وەلام دانەوە بەلەزەتی سێکسی پیاو پێناسەکردووە. نمونەی ئاینی ئیسلام‌و ژنان کەبەقسەی پیاوانی دەسەلاتدارو ڕێکخراوە بەناو "مافەکانی مرۆڤ" و بگرە ڕێکخراوە ژنانەکانی سەربەخۆیان بەنیوەی کۆمەڵ پیناسەدەکرێ، بەلام ئەوە هەر ئەوانن کە ژیانی ژنانیان لە نێوکاری ماڵدا گیرکردووەو نەك هەر وەك کارێکی کۆمەلایەتی بۆی بەرەسمی ناناسن، بەگرە تەحقیری دەکەن‌و دەیکەنە عادەتێکی ڕۆتینی. لەکاتێکدا ئەوە ژنانن کە هێزو توانای پیاوان چ لەباری سێکسی‌و ڕەوانی‌و بەدەنیەوە ئامادەدەکەنەوە تا بۆ ڕۆژی دووایی بچنەوە سەرکارو ئەرکی دەوڵەت‌و کۆمەلگا بەرێوەبەرن. پەروەردەکردنی منالان‌و کاری ماڵداری کە سەرەنجام "خێزان" وەك یەکەیەکی ئابووری‌و بیۆلۆژی لەکۆمەلگای نابەرابەری ئێستادا شوێنی هەیە، تا بەرێوەبردن‌و مانەوەی بەهەوڵ‌و کاری ژنان جێبەجێ دەبیت، لەکاتێکدا هیچ کەسێك ئەم هەوڵ‌و کارە بۆژنان بەرەسمی ناناسێ‌و هیچ کرێیەکیان پێنادرێ. منالان کە لەسبەی ڕۆژدا بەتایبەتی گەورەدەبن، ببنە هەر کارمەندو هەر پۆستێك وەربگرن سەرەنجام پایەکانی دەسەلات‌و پۆستەکانی کارگێری کۆمەلگایەك دەگرنە ئەستۆ کە کەمایەتیەکی دەوڵەمەندو سەرمایەدار بەسەریدا زاڵە. لەم واقعیەتەدا ئەگەر ژنانێك شانسیان هینابێ‌و کارێکیان لەدەرەوەی ماڵ ولەنێو قوتابخانەو کارگەو دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا بەدەست هێنابێت، ئەوا ئەوانیش بەهۆی ژن بوونیانەوە کرێی کەم‌و پاداشتی کاریان کەمتر لەچاو پیاواندا پێدەبریت. خۆئەگەر ژنانێك دەنگی نارەزایەتیان بەرامبەر بەم جێگاو ڕێگا کۆمەلایەتییەی خۆیان بەرزکردەوەو یاخی بوون لە کاری نێو ماڵ ئەوا لەپێشیانەوە پیاوانی دەسەلات‌و دواتریش مەلاو قەشەو نوسەرانێکی قەڵەم بەدەستی دەسەڵات بەیاساکان‌و فەرهەنگی پیاوسالاری‌و شەریعەت‌و "بۆچوونی نێرایەتی"یانەوە دێنە مەیدان‌و پەلاماری شەخسیەتی ژنان دەدەن‌و "بەعەیبەو عار" دەنگی هەقخوازانەی ژنان وەلام دەدەنەوەو بەفەرهەنگی پیاوسالاری‌و کۆنەپەرستانە کۆمەلگایان لێ قاو دەدەن. لەمەش زیاتر بەقانون‌و یاسایەك سزایان دەدەن کەسەر تاپا دژی ژنانەو بۆ بەکۆیلەکردنی ئەوان دانراوە تا بەم ڕێگایە جێگاو ڕێگای کۆیلەیەتی‌و ژێردەستەی ژنان ڕابگرن‌و لەسەر شانی ئەوان بەهرەو قازانجی سەرمایەداران بهێلنەوە.

لەیەك ووتەدا دەمەوێت بڵێم کەئەوە ژنان خۆیان نیین کەبیانەوێت کەسایەتی سەربەخۆیان نەبێت‌و جێگاو ڕێگایان لە یاساکاندا نەبێت بەڵکو ئەوە کەمایەتییەکی دەسەڵاتدارای پیاوسالارو سەرمایەدارانە کە ژیانی ژنان لەحاشیەی ژیانی پیاوان‌و ژێردەستەیی کۆمەڵایەتیدا بەرەسمی ناسیوەو ڕێگەنادەن ئیسنانی ژن بەرابەرو ئازادبێت وەك هەر تاکێکی تری نیوکۆمەڵ. لەم بارەوە با ئەو نمونەیە بێهنمەوە یاد کاتێك کە ژنانی کوردستان وەك پیاوانی کۆمەلگا لەراپەریندا بۆ خواستەکانی خۆیان هاتنە مەیدان‌و داوای گۆرینی یاسای باری کەسێتی عێراقیان کرد، کە بەرۆشنی کوشتنی ژنانی حەلاڵکردووە، دەسەلاتدارانی قەومی‌و ئاینی‌و حزبەکانی یەکێتی‌و پارتی چۆن کەوتنە بەرامبەر بەژنان‌و بزوتنەوەکەیانەوە. بینیمان چۆن فەرهەنگی دواکەوتوانەی خێلەکێتی‌و کوردایەتی ئالای ئەوەی بەرزکردەوە کە ژنان خەریکن" سەروەری نەتەوایەتی" دەخەنە خەتەرەوەو تەجروبە نوێیەکەمان بەهەدەر دەدەن. هەروەها بینیمان کەچۆن مەلا بەشیرەکان‌و مەلا عوزێرو دەیان نەمازخوێن‌و گروپە ئیسلامیەکان ئەم خەبات‌و تیکۆشانەی ژنانی کوردستانیان بە"فەساد" و لادان لە دینی خواو عورف‌و عادەتی کوردەواری‌و شەریعەتی ئیسلامی لەقەڵەم داو تەنانەت کەوتنە تیرۆرو هەرەشەکردن لە ژنان‌و لەمبارەشەوە کەمیان نەهێنا. ئەمە ئەو واقعیەتەیە کەبەرۆشنی نیشان دەدات کە هەموو بەرەی کۆنەپەرستی، یانی لە دەسەلاتدارانی کوردستانەوە تا مەلاو شەریعەتەکەیان تا فەرهەنگی کوردایەتی‌و خێلەکێتی‌و هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان بەرەیەکی یەکگرتووبوون بەدژی ژنان‌و خواستەکانیان. هەموو ئەمانەش بۆ ڕاگرتنی ئەم جێگەو



جێگاو رێگای ژنان له قورئاندا بەرۆشنی ئەوە نیشان دەدات، کەژنان چ جێگایەکی پێدراوە. "زەعیفە" ناساندنی ژنان، پاشکۆکردنی شەخسەیتیان بەپیاوانەوە، تا کردنیان بە سەرچاوەی شەرەفو ناموسی پیاوان، تا تێروانینی سێکسێتیو ئەخلاقی بۆ ژنان هەموویان جێگاو رێگای پلەدوویی لەئیسلامدا دەسەلمێنێن. بەبەلگەشەوە دەیان ئایەت لەقورئانو دەیان حەدیسی نەبەویی هەیە کە بەرۆشنی ژنان وەك کالایەكو مولکی پیاوانو پاشکۆی ئەوان دەسەلمێنی. ئاینی ئیسلام، بناغەکەی لەسەر "بەشەیتانکردنی ژنان" دامەزراوە، یانی ئەوەی کەژنان بونەوەرێکی بیۆلۆژیکینو ئەقلّ لەسەریاندا کۆنترۆڵی نییەو هەلگری بارگەیەکی شەهوانین، جا ئەگەر کۆنترۆل نەکرێن کۆمەلگاو خێزان توشی فەساد دەکەنو "بەهەشتی خلەیفەکان" بەرەو هەلّوەشاندنەوە دەبەن. له ئیسلامدا لیکدانەوەو نیشاندانی ئەو حوکمە کەمێژووی کۆمەلگای بەشەری له لەسەر بناغەی چەمکی "جاهیلیەتو ئیسلام" دامەزراوە راستەوخۆ هەموو ئەو بۆچوونە ئیسلامیە بەرامبەر بەژنان تیۆرەیزەو موقەدەس دەکات کە ئینسانی ژن، بەهۆی ژنبوونیانەوە دەبی"بەشەرعو سوننەتی ئیسلامی" ژێردەستەو کۆیلە بمێننەوە، ئەگەر هەرکەس لێی لابدات دەکەوێتە بەردەم سزای خواو پێغەمبەرو فەرهەنگی ئیسلامیەوە.

بەبروای من رزگاری ژنانو بگرە کۆمەلگاش لەبنەرەتەوەو لەیەکێك لەگۆشەکانیدا لەسەر ئەو پایەیە وەستاوە کە دەست دەبات بۆ وەدەرنانی باوەرە ئاینیەکانو رەخنە لێگرتنیان. بزوتنەوەی ژنان لەکۆمەلگای رۆژهەلاّتدا لەوانەش کوردستان، ناتوانێ بزوتنەوەیکی رەخنەگریو دژی ئاینی نەبێت، چونکە ئاینو ژنان پێکەوە ناتەبانو رزگاری کۆمەلایەتی لەفەرهەنگی ئیسلامیو ئاینی یەکێك لەئەرکە بنەرەتییەکانی بزوتنەوەی ژنانو ئازادیخوازی کۆمەلاّیەتییە. هەرلێرەدا دەبێ ئاماژە بەدیاردەی ئیسلام فیمینیزمو هەولّی کۆنەپەرستانەی ئەو رێکخراوو نوسەرو فەلسەفە زانانە بدەم کە دەیانەوێت روخساری ئیسلامو ئاین لەبەردەم ژنانو کۆمەلّگادا جوان بکەنو بۆ ئاشتەوایی ژنانو خواستەکانیان دەم لەفەلسەفەی ئەفلاّتون وەردەن. ئەم دیاردەیە لەبنەرەتەوە ئامانجی کودەتاکردنە بەسەر ژنانو بزوتنەوە رادیکالو پێشکەوتنخوازەکاندا. ئەمانە بەناوی "خوشکانو ئافرەتانو ژنانی بڕواوە" لەدەروونی بزوتنەوەی ژناندا خەریکن بەرهەمەکانی هەولّو تێکۆشانی ژنان بۆ ئالوگۆری کۆمەلاّیەتی ریشەییو هێنانەکایەوەی کۆمەلّگایەکی مۆدێرن تەسلیم بەدەسەلاتدارانی مەوجودو پیاوانی شەریعەت دەکەن. بەرای من هەر هەولّێك کەرووی لەجوانکردنی ئاینەکانەو دەیەوێت وا نیشان بدا کە ریوایەتی ئاین لەقازانجو حورمەتی ئینسانی ژنانە، ئەوانە درۆدەکەنو تەجروبەو رووداوەکانی مێژووی خوێناوی ئاینەکان بەرامبەر بەژنانو سەرجەم کۆمەلگا ئاوەژوو دەکەنەوە.

**زنـــار: ئەو تایبەتمەندیانەی پیاو دەبێت سەبارەت خەسلّەت و پێکهاتەو دنیای ئافرەت بیزانێ کامانەن؟.**

سەوسەن سەلیم: بۆدەبیت پرسیارێکی لەم جۆرە لەئێمە ژنان بکرێ! ئایا پێچەوانەکەشی دروست نییە، کاتێك بپرسین کە ژنان دەبێت چ شتیك لەبارەی خەسلّەتو پیکهاتەو دنیای پیاوانەوە بزانێ؟ بەبروای من ریشەی ئەم جۆرە پرسیارکردنە فێمینستانەیەو مەبەستیەتی زیاتر ژێردەستەیی ژنان لەروانگەی جیاوازی رەگەزیو پیاوانەوە لێکبداتەوە، لەکاتێکدا کێشەکە پیاوان نین، بەلکو سیستەمێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتین کە لەسەربناغەی هەلاّواردنی ئینسانەکان دامەزراوەو پیاوانی کرۆدتە ئامرازێك بۆ بەرێوەبردنی بەشێك لە ستەم بەسەر ژنانەوە. لەمبارەوە من راشکاوانە بلّێم، کە ئەم جۆرە دابەشکردنە، یانی "ژن بوون" و "پیاو بوون" و بەم پێیەش دوو دنیای جیاواز، بەلاّم لەم جیاوازیەدا ئەوە پیاوانن کەدەبێ لەدینای ئافرەت بزانن!! بەراستی پرسیارێکی ناواقعیە چونکە لەبنەرەتەوە خەریکە جیاوازیەکان رەسمیەت پێدەداو دەیچەسپێنی، لەکاتێکدا باسی ئێمە هەلگرتنی ئەم جیاوازیەو هینانەدی یەکسانییە.

ئەم باسە دەرکێکی فەلسەفیو کۆمەلایەتی دێنێتە ئاراوە، کەبزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان بەپیێ بەرژەوەندی خۆیان لە گۆشە نیگای جیاوازەوە باسی لێوەدەکەن، بەلام بەلای منەوە، هەم"ژنبوون" وە هەم"پیاوبوون" دوو گاتیگۆری درورستکراوە، لەبنەوەو لەپشتیەوە ئایدیۆلۆژیاو بەرژەوەندی چینایەتیو کۆمەلایەتی وەستاوە، بەتایبەتی کە تاقمو گروپێکی کۆمەلاّیەتی هەن قازانج لەوەدا دەبینن کە هەویەتی رەگەزی بەبەر ئینسانەکاندا بکەن تا رەوشی نابەرابەری لە کۆمەلگادا زالّ کات.

ئەگەر رێگام بدەن باشترە کەمێك مەبەستەکانم رۆشن بکەمەوە: ئەوە راستە کە لەنێوان "مێینەیی" و "نێرینەیی"دا جیاوازی بایۆلۆژیو پێکهاتەی کرۆمۆسۆمەکاندا هەیە ئەمە خاسیەتیکی تەبیعی ئینسانەکانە، بەلام کاتێك ئەم دوو خاسیەتە دەکرێتە هەویەتی کۆمەلایەتی ئیسانەکان و "ژن وپیاو"ی لێدەردێت ئیتر رۆشنە ژنبوونو پیاوبوون وەك نەتەوەو خوداکان دروست دەکرێن لەلایەن بزوتنەوە سیاسیو کۆمەلاّیەتیەکانەوەو پاشان هەزارویەك لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژی بۆ دەنوسرێتەوە. ئەگینا ئینسان کەئەگەر"نێر" بیت یان "مێ" بەبێ هەویەت لەدایك دەبێ بەلام وەختێك دێتە نێو سیستەمەکانی پەروەردەو فێرکردنەوە، وەختێك دەسەلاتو ئاینەکانو ئایدیۆلۆژیا پیناسەی "ژن وپیاو"، "کورد وعەرەب"، "ئیسلام ومەسیح".. بۆئینسانەکان دەکات ئەوکات جیاوازییەکان دێتە ئاراوەو زمانی لیبرالەکانیش دەکاتەوە تا بەبەزەییەوە داوا لە ژنانی چەوساوە بکات قسەیەك بۆ نەسیحەتی پیاوان بکەنو ئەوە بەکۆمەلگا بلّێن کە پیاوان ئەبێ چۆن بن بەرامبەر دنیای ئافرەت!! ئەمە ئیتر پرسیارگەلێکی نورمال نییە کە کاری رۆژنامەگەری کوردی عادەتی پێوە کردووە بۆئەوەی لەبارەی ژنانەوە شتێك بلاوبکاتەوەو تریبۆنیش دەخاتە ئیختاری منەوە تا ئامۆژگاری پیاوان بکەم!!.

**زنـــار: هێندەی چارەنوسی بەشتگەلێکی لاوەکیەوە بەستووە، ئافرەتی کورد ئەوەندە وابەستەی شێوە ژیانی نەبووە تاچۆنیایەتیتر مافو**

**ئەوە بەس نییە کە ژنان تەنها داوا لەکەسانێک بکەن خواستەکانیان بسەلمێنن و لەو لاشەوە دەسەڵات بۆ پیاوانی قەومی و ئاینی و قانون و نەزمەکەیان بەجێبهێڵن**

خواستەکانی دەستەبەر بکات، دواجار ئەم ڕیتمە نەبۆتە مایەی بەختەوەر بوونیشی، کەواتە باشتر وایە چ ئاڕاستەیەك هەڵبژێرێت، لەکاتێکدا دەبینین ئێستا لێوان لێون لە( وێنەو وشەو دروشم و ناو ...) پەیامەکانی خۆشیان ئەمەیانی دروستکردووە، ئایا ئافرەتی کورد چۆن دەتوانێ لەدۆزینەوەی خۆیدا سەرکەوتوبێت؟..

سەوسەن سەلیم: لەپیشدا من نازانم مەبەستان لەوە چیە کە دەلێن"ژنان چارەنوسیان بەشتگەلیکی لاوەکیەوە بەستۆتەوە" وەیان ئەو" پەیامانەی جێگای ئاماژەی ئێوەیە" کامانەن کەئەم چارەنوسە لاوەکیەو ئەم ژیانە ونبووبووەی کە"دروشمو وێنەو ناوی" لەخۆیدا هەلگرتووەو کەچی هێشتا دەبێ "ژنانی کورد" لەدۆزینەوەی خۆیدا ئاراستەی تر هەلبژێرێت؟ گوایە ئەو هەموو ڕێکخراوانەی ژنان کەهەن، ئەو هەموو کەسایەتیو خەباتەی کە کراوەو هێشتاش لەمەیداندان، تەنانەت ئەو هەموو رۆژنامەو نوسەرو قسانەی لەسەر وەزعی ژنان دەکرێن، ئەمانە بەس نین بۆئەوەی ئەو راستیەی لێوەربگرین کە چارەنوسی ژنان "لاوەکی" نییە!. بەلام ئەوەی من لەم جۆرە پرسیارانە دەیخوێنمەوە سەرزەنشتکردنی ژیانی رۆتینی ژنانە، یانی خۆخەریککردن بە ئارایشتو خۆجوانکردنو وێنەگرتنەوە، لەکاتێکدا پیاوانیش حالەتی ئاوایان هەیەو ناشبنە جێگای ئەوەی کە پێیان بوترێت "چارەنوسی لاوەکیان" هەیە. بەرای من لەپشتی ئەم جۆرە بۆچوونانەوە پۆپۆلیزمیکی فەرهەنگیو شەرقی راوەستاوە کە وێنەی ژنان لەسەر خسوسیاتێکی بازاریو ریکلامی رادەگرن، زۆرجاریش بە تەحقیرەوە باسی ئارایشتو خۆجوانکردنی ژنان دێنێتەئاراوە. لەکاتێکدا ئەم حالەتە رەنگدانەوەی واقعیاتی کۆمەلایەتیو کاریگەری ژنانە بەفەرهەنگی جیهانیو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمەوە، ناشبێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە خۆجوانکردنی ژنان پێداویستیەکی شەخسیو کۆمەلایەتیەو دەبێ زۆر بەسادە وەربگیرێتو لەم گۆشەیەوە نابێت کەسایەتی ژنان بپێورێت.

تائەو جێگەیەشی بە دۆزینەوەی کەسایەتی ژنان خۆیان دەگەرێتەوە، من پێموایە هیچ ژنێك نییە کەسایەتی خۆی ونکردبێت، هەمووان لە موحیتی کۆمەلایەتیو تەجروبەی ژیانی تاکی خۆیاندا ئاستێك لە بۆچونو دەرککردنی ژیانو کۆمەڵگایان هەیە، لەمبارەشەوە من تەنها یەك وێنام نییە بۆتاك تاکی ژنانو هەرکەس لەو وێنایەی مندا نەبێت ئیتر ئەوە "چارەنوسی ژیانی لاوەکی" هەیە. خۆئەگەر ژنانیك هەبن کەسایەتیان ونکردبێت بەهەر مانایەك کە ئێوە لەنەزەرتاندایە، دیسانەوە ئەوە خۆیان نین ئەم حاڵەتی وونبوونو نامۆبوونەیان هەلبژاردبێت، بەڵکو ئەوە کۆمەلگاو دەسەڵاتو بزوتنەوە سیاسیو فەرهەنگیو ئایدیۆلۆژیەکانە کە ژنان لە تەنگەبەریو بێمافیدا رادەگرنو ناچاریان دەکەن بەلەدەستدانی کەسایەتیان.

زنار: سەوسەن سەلیم ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان لەژێر چ چەترێکدا پۆلێن دەکات؟..

سەوسەن سەلیم: بەبروای من رەوشی ژنان سەرەرای رەخنەو پێداچوونەوەو دەستبردن بۆ دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی، بەلام رەوشێکی روولەپێشەو پێ بەپی هەنگاو دەنێت، ئەگەر ئێمە بێین باسی ژنانو رەوشەکەیان چ وەك تاكو چ وەك کۆمەل بەراورد بکەین بە سالانی هەفتاکانو دواتریش هەشتاو نەوەدەکان، دەبینین لەسالانی زوودا کەسایەتی ژنان لەچوارچێوەی خزمەت بەپیاوانو ماڵداریەوە دەکراو دواتریش وەك بونەوەرێك لەدواوەی "پێشمەرگە"و کوردایەتی وشاخ و "پیاوانی جەنگاوەری شۆرش" وە دادەنراوو هەم رۆلی سیاسیو هەم لەواتای خۆشەویتسیشدا خرابووە خزمەت ئەم رەوەندە ئایدیۆلۆژیەوە. بەلام سالانی نەوەدەکان بەتایبەتی دوای راپەرین سەردەمێکی جیابوونەوەی ژنانو بزوتنەوەکەیانە لەو رەوەندە سیاسیو ئایدیۆلۆژیو فەرهەنگیەی کەناسیونالیزمی کورد، ژیانی ژنانو بزوتنەوەکەیانی پێ لەقاو دابوو دەبینرێ. لەچوارچێوەی ئەم رەوەندی جیابوونەوەیەو هاتنە مەیدانەی بزوتنەوەی ژنان لەکوردستاندا رێکخراو گەلێکیش دروست بوونو دروستکران کە هەریەکەیان ئامانجو مەرامی تایبەت بەخۆی نیشانی کۆمەلگا دا. کەلێرەدا بەخیرایی پۆلێنیان دەکەم:- نمونەی یەکەم لەم رێکخراوانە کە ئاراستەیەکی رادیکالو چەپی هەبوو، ئالای ئازادیو یەکسانی ژنانی هێنایە نێو کۆمەلگاوەو بەتوندی لەدژی پیاوسالاریو کۆنەپەرستی ئاینیو نەتەوەیی راوەستاو کەوتنە داکۆکیکردن لە خواستەکانی ژنانو حورمەتی ئینسانیان. رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان وەك رێکخراوەیەکی ئەم رەهەندە کە لەلایەن یەکێتیو پارتیەیەوە پەلامار دراو بەهۆی تەحەمول نەکردنی ئاراستە ئینسانیو پێشرەوەکانی ئەم رێکخراوەیەوە لەگەل سیاسەتی سەرکوتو گەمارۆدانی ئەحزابی دەسەلاتدار بەرەو رووکرایەوە.

نمونەی دووەم ئەو رێکخراوانەن کە لەکەنار دەسەلاتو دروستکراوی ئەحزابی

دەسەلاتداری ناسیۆنالیستین، کەبەناوی ژنانەوە هەنو کاردەکەن بۆئەوەی ژنانو خواستەکانیان بەپێی بەرنامەی ناسیۆنالیستە دەسەلاتدراەکان وێنابکەنو لە ڕێگاشیانەوە بەشێك لەژنان دوورخەنەوە لە بزوتنەوەی یەکسانخوازیو چەپ. ئەم ڕێکخراوانە ئێستا بەتەواوی دەستیان کەشف بووە، بەتایبەتی گەندەڵیو فەسادیەك کەلە ئەحزابی دەسەلاتدار دەرکەوتووە ئەم ڕێکخراوانەشی گرتۆتەوەو ئەوانیش لە نێو ئەم فەسادەدا تادێت نفوز لەدەست دەدەن. ڕێکخراو گەلێکی تری ژنان کە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە دروست کراون ئەمانە راستەوخۆ بۆ دژایەتی کردنی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازیو ئینسانی ژنان دامەزراونو نوکی رمی کۆنەپەرستیان بۆ ئەوبەشە لەژنانو ڕێکخراوەکانیانە کەلە نێو بزوتنەوەی ژناندا ئالای مەدەنیەتو سکولاریزمیان هەڵبریوە. ئاخر نمونەیەك لەرێکخراوو کەمپینو دەزگای راگەیاندنی ژنان دەبینرێت کەلەم سالانەی دوایداو بەتایبەتی بەدوای داگیرکردنی عێراقو هاتنە ناوەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عیراقو جێگیربوونیان لە کوردستانیش، دەبینرێن کە تێرمی خۆناساندنیان لە ژێر چەتری "ریکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی"دایە. ئەم نمونەیە لەلایەك بەدوای فەشەلی دەستەی دووەمی ڕێکخراوەکانی ژنانو ئەو هەولانەبوو کە ئەحزابی دەسەلاتدار بۆ کۆنتڕۆلی بزوتنەوەی ژنان لەکوردستاندا هاتۆتە خۆگرتنو لەلایەکی تریشەوە داگیرکاری ئەمریکاو هەڵڕشتنی پارەوپۆلیکی زۆرو گوێزانەوەی سونەتی ریکخراوەی چاراتی کە وێك دیتەوە لەگەل دیموکراسیەك کە ولاتانی ئەوروپا پێناسەیان بۆکردووە لە وڵاتانی رۆژهەلاتدا. خاسیەتەکانی ئەم ڕێکخراوو پێکهاتوانەی ژنان کارکردنە لەسەر بوونی ستەمێكو نابەرابەرییەكو بردنی ئەو نارەزایەتیەی کە لەم بارەوە هەیە بەرەو ئاشتەواییو چاکسازی لەگەل سیستەمێکی دەسەلاتداریدا کە لە کوردستاندا بە زۆری چەكو لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی ئەمریکادا دراوە بەئەحزابی ناسیۆنالیزمی کورد. ئەمەش لەچوارچێوەی دەستەواژەی "ریکخراوی کۆمەلگای مەدەنی"دایە. گوایە ئەم ریکخراوانە بە کۆکردنەوەی تۆمارو دانی بەژنانی نێو پەرلەمانی کوردستانو پێکێهنانی لیژنەی هاوبەشی ئەوانو ژنانی نێو پەرلمان دەتوانن یاسایەك دابنێن کە وەزعی ژنان دەگۆرێو یەکسانی ژنانو پیاوان دابین دەبێت..

زنـــار: فەیلەسوفی ئەڵمانی ( شۆپنهاوەر ) سەبارەت بەژیان گووتویەتی ژیان کاروانێکی بێمانایەو کاری پێویست ئەوەیە خۆمان بکوژین، خۆکوژی لای ئافرەتی کورد هەڵگری هەمان ئەو تێگەیشتنو لێکدانەوەیە؟. بەلام بەبڕوای ( مۆنتیسکیوش ) خۆکوژ ئەوانەن کە لەئەزەلەوە بەنائاسایی هاتوونەتە دنیاوەو دواجاریش وجودیان تەندروست نەکراوە، ئێوە پێتان وانیە خۆکوژی لای ئافرەتی کورد بەجۆرێك لەجۆرەکان لەنائاگامەندییەوە سەرچاوە بگرێ؟..

سەوسەن سەلیم: مەرگو فەلسەفە، وەیا فەلسەفەی مەرگپەرستی، لەنمونەی شوبنهاوەردا رووکارێکی سەلبی نیو بیرکردنەوەی مرۆڤە، کە خۆی لەخۆیدا پێچەوانەیە لەگەل رەوتی چوونە پێشەوەی ژیانی ئینسانی. خودی ئەوەی کە ژیان لەچاو مەرگدا رەوەندێکی زاڵەو کۆمەلگاش هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە چوونی خۆی تیدەپەرێنێ، بەلگەی پوچی ئەم ڕێبازە فەلسەفیەیە. بەبروای من ئینسان لەسروشتی خۆیدا ژیان دۆستەو ژیانی کۆمەلایەتیش بنەمایە، گەرانەوە بۆ مەرگو هەڵبژاردنی مەرگ ئیستسنایە. تەنانەت ئەوەی مەرگپەرستیو فەلسەفەکەی دەکاتە رەواجێکی کۆمەلایەتی، بنبەستیەکە کە ژیانی ئینسان لە کۆمەلگادا بەرەو رووی بۆتەوە، بۆنمونە کۆمەلگای نەزانینو جەنگ گرتوو، کۆمەلگایەك کەقەیرانی ئابووریو بێکاریو نەبوونیو زەبوونی گەورە رووی تێدەکات، کۆمەلگایەك کەفەرهەنگی موتەعەسبو ئاینیو خێلەکی یەخەی پێدەگریت، کۆمەلگایەك کەسیستەمێکی داخراوو دەسەلاتێکی کۆنەپەرستو ئیستبداد بەسەریدا زاڵ دەکریو ڕێگای ژیان لە ئینسانەکان دەبەستی.. نامۆ بوون بەخۆ دەکاتە بنەما مادیو زەینیەکانی سەرهەلدانی باوەرو فەلسەفەی مەرگپەرستی.

بەلام لەبارەی مونتیسکیۆوە جیاوازیەك هەیە لەم بارەوە، بەتایبەتی کەئەو خۆکوژی بۆ حالەتێکی ناتەواوی بایەلۆژی دەگەرێنێتەوە بۆ تاکی ئینسانەکان کەلەئەزەلەوەو لەسەردەمی لەدایك بوونیەوە هەڵگری بووە. بەرای من ئەم بۆچوونەش ئیشکالیاتەکەی لەوێدایە، کە پەنابردن بۆ خۆکوژی وەك کردەوەیەکی بایۆلۆژیو نەقسی عوزوی تاکەکان لێکدەداتەوە. لەکاتێکدا خۆکوژی دیاردەیەکی کۆمەلایەتییەو رەنگدانەوەی پرۆسەی نامۆبوونی ئینسانە لەکۆمەلگایەکی بنبەستدا. لەمبارەوە نمونەی خۆکوژیەکانی ژنان لەکوردستان بەرێگای پەنابردن بۆ خۆسوتاندن ئەم بۆچوونەی من دەسەلمێنێ تا لێکدانەوەکانی مونتیسکیۆ. بەواتایەکی تر دەڵێم خۆکوژی ژنان ناچێتەوە سەرئەوەی کە تاك تاکی ئەوژنانەی دەست بۆ خوسووتاندن دەبەن لەئەزەلەوەو هەرلەکاتی لەدایك بوونیانەوە هەلگری بارگەی سلبین بەرامبەر بەژیانو لەمبارەشەوە ناتەواویەکی بایەلۆژیو عەقلی هەیە لەژیانی ئەم ئیسنانانەدا. بەپێچەوانەوە دیاردەی خۆکوژی ژنان دیاردەیەکی کۆمەلایەتیەو ئیختیارێکی فەردی تاکی ژنان نییە، بگرە دەست بردن بۆ خۆکوژی حاڵەتێکی ناچارکردنی ژنانە کە بەهۆی چەندین فاکتەرەوە بەسەریاندا داسەپێندراوە. بەتایبەتی ژنان لەکوردستاندا کەلەگەڵ فاکتەرێکی زۆری دژە ژن بەرەو روونو ژیانو حورمەتی شەخسی ئەوان بەبنبەست دەگەیەنێو لەم ڕێگایەشەوە ناچاردەکرێن بە خۆسووتاندن، ئەمەش وەك سیناریۆی تۆلەسەندنەوەو یاخی بوون لەو بن بەستیە دەردەکەوێ.

لەیەك ووتەدا ئەگەر بلێیم، ژنان هیچ ئازادیەکیان نییە، تا تەعبیر لەخۆیان بکەن بۆیە ناچار دەبن بەخۆکوژی. بیهێننە بەرچاوی خۆتان، ژنان کەلەماڵدا بەدیار کاری ناوماڵەوە دادەنرێن، لەراستیدا ماڵ بۆیان دەبێتە زیندانێك. هەروەها ژنان کە لەمناڵیەوە لەگەڵ حاڵەتەکانی جیاوزایکردنو بۆچوونی سیکسیستیو ئەخلاقیو پیاوسالاریو ئاینی کوێر دەکرێنو دەبرێنە نێو سیستەمێکی پەروەردەییو سزاو زیندانەوەو لەنەزانینو نەخوێندەواریدا رادەگیرێن. ژنانێك کە هیچ مافو ئازادیەکی شەخسیو کۆمەلایەتیان بۆ بەرەسمی نەناسرێو ئازادی جلوبەرگ پۆشینو سەفەرو بەستی عەشقو عەلاقەو هەڵبژاردنی هاوسەرو داوای تەلاقیان لێسەندراوەتەوە، ژنانێك کەتۆری مەلاو مزگەوتو کۆنەپەرستانی ئاینو خێل بەرەو روویانکراوەتەوە، سەرەنجامیش لەخێزانداو لایەن نزیکترین کەسیانەوە، کەبراو باوكو مێردە، بەسادەیی بێحورمەتیان پێدەکریو مافو کەسایەتیان بەسەربەخۆ بۆ بەرەسمی نەناسرێو بچوکترین هەڵسوکەوتیان دەکەوێتە بەردەم تانەوتەشەرەوەو کاتێکیش دەنگیان هەڵبڕی کەس داکۆکیان لێناکات.. ئیتر چ بەهایەك بۆ ژیانکردنیان دەمێنیتەوە؟ ئایا لەحاڵەتێکی ئاوادا مەرگ ڕێگایەکی ناچاری کۆمەلایەتی نییە؟ ئایا ئەمە پەیوەندیەکی بەباری عوزویو پیکهاتەی بایەلۆژی ئەو ژنانەوە هەیە کە بەم جۆرە ناچارکرابن؟ ئەگەر سەرنجێك بە ئامارەکانی دیاردەی خۆکوژی ژناندا بخشینین دەبینین بەشی زۆری ئەو ژنانە ژنانی نێو ماڵو کەم دەرامەتو نەخوێندەوارن کەلەژێر فشاری فەزای کۆمەلایەتیو خێزانیو لەپەیوەندیەکی نابەرابەری هاوسەرێتیدا دەستیان دەچێتە خۆیانو ناچار دەکرێن بەدەستبردن بۆ کۆتایی هێنان بەژیانیان. ئەویش بەدوای ئەوەدا کەئومێدێك بۆ دەربازبوون لەو ئیهانەو سوکایەتیو ژێردەستەییەی تێی کەوتون، نادۆزنەوە.

زنـــار: ئافرەتی کورد چۆنو کەی دەبنە ئافرەتگەلێکی ڕەچەشکێنو هەڵگری پەیامێکی یاخیگەرا بەڕووی بەندو باوە کۆمەڵایەتیو ئەو توندوتیژیانەی کەدەکرێنە سەری بەگشتی؟.

سەوسەون سەلیم: بەبروای من ئەو نمونەیە لەژنان لەمەیداندا



هەن‌و کەم نین ژنانێکی ڕەچەشکێن کە لێرەو لەوێ خۆیان بە کۆمەڵگا ناساندووە. ئەگەر بۆ لەحزەیەك ڕۆڵی دەسەلات‌و بەلای قانون‌و مەلاو شەریعەت لەسەر ژنان هەڵگیرێ، ئەگەر بۆ لەحزەیەك ئازادی‌و مافەکانی ژنان بەرەسمی بناسرێ، بۆلەحزەیەك ئەگەر کۆمەلگا بەرووی ئازادی ژناندا بکرێتەوە، من دڵنیام لێشاوی ژنانی ڕەچەشکێن دێتە مەیدانەوەو دەبنە واقعیەتیکی بەرجەستەی کۆمەلایەتی. بەلام ئەوەی ژنان چۆن بنە ڕەچەشکێن‌و یاخی بوو لەفەرهەنگ‌و بیروباوەی کۆنەپەرست توندوتیژ.. بەوە دەبێت کە ژنان خۆیان وەك بەشێك لەسەنگەرو بزوتنەوەیەکی ڕزگاری فەرهەنگی‌و کۆمەلایەتیدا پێناسەبکەن‌و ببنە بەشێك لەو بزوتنەوە سیاسی‌و کۆمەلایەتیەی کە هیچ شتێك بۆیان موقەدەس نییە جگە لە بەهای ئینسانی‌و هەلگری ئالای ئازادی‌و یەکسانی.

زنار: بەر لەکۆتایی ڕێگە بدە بپرسم حەزدەکەی هاوسەرەکەت چ شتێك دەربارەی جیهانی سەوسەن سەلیم بزانێ؟..

سەوسەن سەلیم: یەکەم ئەم شێوە پرسیارکردنە زیاتر مۆدیلێکی باوی نێو ڕاگەیاندنەکانە. خراپیەکەی ئەوەیە کە بەنوسین بنوسرێت، ڕەنگە لەبەرنامەی زیندوو ڕاستەوخۆدا مانایەکی ببیت، بەتایبەتی هەموو ئیسانێك هەڵگری بەهرەو شارەزایی ژیانەو دەتوانێ باسکردن لێوەی سود مەندبیت بۆئەوانی تر، دووەمیش ئەم شێوە پرسیارانە دەتوانێ حالەتێك لە ناراستگۆیی بێنێتە کایەوە کەمن ئارەزوو ناکەم بچمە نێو ئەم سیناریۆیەوە. بەلام ئەگەر بەکورتی بڵێم، لەژیانی هاوسەرێتی مندا زۆر شت هەیە کەدیارە باری سلبی‌و ئیجابی نیشان دەدەن. کاشکای ئەو فرسەتەم ببێت کە ئەم لایەنانە بەراشکاوی‌و ڕاستگۆیانە لەنوسینەوەی ژیاننامەی خۆمدا بەیان بکەم.

زنار: لەکۆتایدا دەپرسم سەوسەن سەلیم ئەگەر نوسەر نەبوایە پێی خۆشبوو چێشت لێنەرێکی لێهاتوو یان چ شتێکی تر بوایە، بمبورە گەر ئەوەش بڵێم هەر بەڕاست بەجۆرێ لەجۆرەکان لەئافرەت بوونی خۆتان پەشیمان نین؟..

سەوسەن سەلیم: لەوەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا من رای خۆم لەسەر "ژن بوون"وە باسکرد، ئەمە ناسنامەیەکی دروستکراوەو فەرزکراوە بەسەر من‌و هەر ئینسانێکی ژناندا، بۆیە پەشیمان بوونەوەو پیرۆز ڕاگرتنی بەلای منەو لەهەردوك بارەکەیدا واقعەیتی نیە. بەلای منەوە ئینسانیەت‌و هەویەتی ئینسانی ئەسلەو هەرجۆرە جیاوازیەکی ڕەگەزی‌و بایۆلۆژی ناتوانێ ئەم هەویەتە لەلای من بسرێتەوە. لەبارەی چێشتلینانەوە، ئەگەربلێم نازانم چێشت لێبنێم بەلام ئەزانم باش بیخۆم، ئەوا قسەکەم بەدروست وەربگرن. بەلام ئەمە خالێکی موسبەت نییە لەژیانی تاکی مندا، بگرە زۆر سەلبیشەو دەبێ هەوڵبدەم پری بکەمەوە. چونکە چێشتلێنان بۆمن نەك عەیبەیەك نییە بگرە زەرورەو ئەرکی هەر کەسێکە بەزانستیەوە لەم بووارە بروانێ‌و فێری ببێت. بەداخەوە پرسیارەکەی ئێوەش لەمبارەوە ئیحای ئەوە دەدات کە ئەم پیشەیە بەکەم بگیرێ، لەکاتێکدا چێشتلێنان هونەریکی بەرزەو ئێستا لەنێو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا گۆشەیەك لەفەرهەنگی مۆدێرن داگیر دەکات، ئەمە جگە لەوەی کە زانستی "نیوترەیشن" (پێکهاتەی مەوادی خۆراکی لەسروشتدا) بۆ ڕێکخستنی ژیان‌و درێژی تەمەن‌و تەندورستی کۆمەلایەتی پشت بەپیشەی چێشتلێنان دەبەستێ کە ژنان‌و پاوانێکی زۆر بەشەهادەی بەرزەوە ڕوویان تێکردووە.. ئەوەش بڵێم من لەباوەشی خیزانێکی پر لە خۆشەویستی‌و مەدەنیدا گەورەبووم هەمیشە هەستم بەوجودو بوونی خۆم کردوە زۆر بەشداری جۆراو جۆرو هەڵسورانم بوە کەهەر ئەوکات زۆر لە هاوتەمەنی من ئەو ڕێگەیەیان پێنەدراوە هەر ئەو ئازادیەش وای کردوە کە لەژیانی خیزانیمدا ئیختیار بەمن بێ نەك بەخێزانم. وە دوا ووتەشم: من پێش ئەوەی نوسەربم هەڵسوراوێکی بزوتنەوەی ژنانم‌و ئەمەم لەهەمووشتکی تر پێخۆشترە....زۆر سوپاس

## پۆزش

لەژمارەی رابردوو لە دیداری خاتوو (ڕۆزا حسێن) ناوی هاوکاری ئازیزمان سازدەری گفتوگۆکە کاك (ئەرسەلان مەحمود) لە بیرکرابوو، بۆبە داوای لێبوردن لە خوێنەران‌و کاك ئەرسەلان دەکەین.

## پاش چوار ساڵ مانەوە لە ئێراق

# سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەو کوێ؟.

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: زنار**

پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر پەلاماردانی ئێراقدا، هاوسەنگی هێزە هەرێمایەتیەکان، جۆرە لاسەنگییەکی بەخۆوە بینیوە کە بە بەرژەوەندی هەژمونی ئێراندا شکاوەتەوە، ئەم ناهاوسەنگییە ژمارەیەك دەوڵەتی ناوچەکەی هانداوە بیر لە بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی ناوکییان بکەنەوە، کە بەشێوەیەکی دیکە مەترسییەك لەسەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەراست دروست دەبێ و هەم هەڕەشەش دەکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەم پێیە واشنتۆن چاوخشاندنەوەی پێویستە بۆ ستراتیژیەتی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

لەمبارەوە سەنتەری تۆژینەوە ستراتیژییەکان-ی سەر بە کۆلیژی جەنگی ئەمریکی، کە بایەخ دەدات بە هەڕەشە هەرێمایەتیەکان و ستراتیژیەتی ئاسایش توێژینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە. (جیمس رۆسێل) تۆژینەوەکەی ئامادە کردووە، کە بەرێوەبەری نوسینی گۆڤاری(تێروانینی ستراتیژی)یە، گۆڤارێکی نیو مانگی ئەلکترۆنیە، کە سەنتەری ململانێیە هاوچەرخەکان دەریدەکات، ئەم سەنتەرەش پسپۆڕە لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسایشی نەتەوەیی و تیرۆریزمە.

**رۆژهەڵاتی ناوەراست...هەڕەشەی نوێ**

ئایا پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بایەخ بەو هەڕەشانە بدات، کە لەسەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەراست پەیدابووە؟ تۆژەری ستراتیژی(ئەدوارد لۆتواك) پێیوایە کە هیچ پەیوەندییەك نیە لەنێوان رۆژهەڵاتی ناوەراست و کاروباری جیهانیدا، هاوکات ئەم ناوچەیە لە تێروانینی ئەوەوە شایانی ئەوە نیە، لەلایەن حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بایەخی پێبدرێ و بە شێوەیەکی گشتیش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. لۆتواك چوار پاساوی سەرەکی هەیە بۆ ئەم بۆچوونەی:

یەکەم- ململانێی عەرەب- ئیسرائیل بایەخی ستراتیژی خۆی لەدەستداوە و بۆتە ناکۆکییەکی ناوخۆیی.

دووەم- کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە رووی سیاسیەوە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، لەبەرئەوە باشترە وازیان لێبهێنرێ بۆ خۆیان و هێزە دەرەکییەکان.

سێیەم- ئەم ناوچەیە لە رووی ئابووری و رۆشنبیرییەوە وەستاوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو دواکەوتووشە بەپێی ئاماژەکانی پەرەپێدانی جیهانی.

چوارەم- هەڕەشە سەربازییە هەرێمایەتیەکان جەوهەری نین.

ئەم بۆچونانەی لۆتواك رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بوونەوە، بە تایبەتی لەلایەن (یانەی ئابووری جیهانی) کە لە راپۆرتێکیدا لە سەرەتای ئەمساڵ دەرچوو، لە ژنێف، ئەو هەڕەشانەی خستەروو کە جیهان بەرەو رووی دەبێتەوە لە دەیەی داهاتوودا. راپۆرتەکەی یانەی ئابووری جیهانی جەختی لەسەر ئەوە کردبۆوە، کە رۆژهەڵاتی ناوەراست تەوەری سەرەکییە بۆ سەقامگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەها رووبەڕووبونەوەی هەڕەشەکانی سەر رۆژهەڵاتی ناوەراست، دوورخستنەوەی مەترسییە لەسەر ئاسایشی جیهانی.

رۆژهەڵاتی ناوەراست، گەر رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی ببێتەوە، رەنگدانەوەی لە چەند خاڵێکدا بەسەر جیهاندا دەردەکەوێت لەوانە:

١- بوونی هەر هەڕەشەیەکی راستەقینە لەسەر ئەم ناوچەیە، واتە راگرتنی پترۆڵ، بە مانایەکی دیکە راگرتنی وزە و بەرزبونەوەی بەهای پترۆڵ، بۆیە لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا دەبێ دەوڵەتانی بەرهەمهێنی پترۆڵ لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەرهەمیان زیاد بکەن، تا پێداویستییەکانی جیهان لەم رووەوە دابین بکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەم زیادکردنی بەرهەمە، رێگرە لەبەردەم بەرزبوونەوەی بەهای پترۆڵ. ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی لە راپۆرتێکیدا، پێشبینی ئەوەی کردووە، کە داواکاری جیهان بۆ پترۆڵ لە ساڵی ٢٠٠٥وە کە رۆژانە ٨٤ ملیۆن بەرمیل پترۆڵە، زیاد دەکات بۆ ١١٦ ملیۆن بەرمیل رۆژانە لە ساڵی ٢٠٣٠دا. واش چاوەروان دەکرێ کە

**کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە رووی سیاسیەوە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، لەبەرئەوە باشترە وازیان لێبهێنرێ بۆ خۆیان و هێزە دەرەکییەکان.**



## دوای چوار ساڵ له ئازادکردنی عێراق، ئەمریکا تا چەند ئامانجەکانی خۆی پێکاوه

دەوڵەتانی بەرهەمهێنی پترۆڵ، بڕی بەرهەمهێنانیان زیاد بکەن، بە تایبەتی دەوڵەتانی کەنداو بۆ ٤٤٪ لە ساڵی ٢٠٣٠، کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕێژەکە ٣٥٪ بووە، ئەمە پێویستە بەو ئاراستەیەدا بڕوات، چونکە ئابووری جیهانیی بە شێوەیەکی گەورە پشتی بە دەوڵەتانی کەنداو بەستووە.

٢- تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ئێراق بۆتە سەرچاوەی ڕاکێشانی(موجاهیدەکان) لە تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو لە تەواوی دنیاوە. ئەم مەسەلەیە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی بەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، کە هەر بە خۆیان بەدەست ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنن. هەروەك چۆن لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، موجاهیدەکان لە ئەفغانستانەوە بەرەو ناوچە پڕکێشمەکێشمەکانی جیهان دەچوون، بۆ خۆی ئەمرۆ ئێراق بووە لانە و خاکێکی بەپیت بۆ تیرۆریستان، ئیدی لەوێوە کەوتنە هەڕەشەدان و پشێوی نانەوە لە تەواوی جیهان.

٣- بلاوبونەوەی چەکی کۆکوژ، هەوڵەکانی ئێران بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن چەکی ناوکی، هانی دەوڵەتانی ناوچەکەی داوە بۆ وەدەستکەوتنی پرۆگرامی ناوکی هەر لە مەغریبەوە تا سوڵتانشینی عومان. پێشتر تەنیا یەك هێزی ناوکی هەبوو لە ناوچەکەدا، کە ئەویش ئیسرائیل بوو، بەڵام کە ناوچەکە بیەوێ ببێتە ناوچەیەکی فرە هێزی ناوکی، ئەمە ئاماژەیەکی ترسناك نیشان دەدات لە ئایندەدا.

ناسەقامگیری ئەم ناوچەیە، لەدوای داگیرکردنی ئێراقەوە دەستیپێکرد(پاش جەنگی ١٩٦٧ دیارترین ڕوودواوە) کە هێشتا خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە، جەنگی ئێراق هاوسەنگی هێزەکانی لەناوچەکەدا شێواند، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێ فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی، کە بە دەوری خۆی فشاری دروستکرد لەسەر دەستبژێرە دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە ئەوانیش:

⋆ بوونی هاوپەیمانێتی لەنێوان دەوڵەتە گەورەکان و گروپە کاراکان، وەك هاوپەیمانێتی نێوان ئێران و سوریا و حزبوڵلا و بزوتنەوەی حەماس و هەندێ ملیشیای شیعی و ڕێکخراوگەلێکی سیاسی لە ئێراق. ئەمانەش خۆیان بە هێزێکی بەرگریکاری سەرکەوتوو دەزانن لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا لە فەلەستین و لوبنان و ئێراقدا. زیادبوونی جەماوەرێتی ئەم هێزانە لە ناوچەکەدا، بوونە هەڕەشەیەکی جەوهەری بەسەر دەسەڵاتدارەکانەوە.

⋆ مەترسی شەپۆلی شیعی ئێرانی سەبارەت بە دەوڵەتە سوننیەکان لە کەنداو و ناوچەکە بەگشتی، ئەمە ئەو دەوڵەتانەی ناچار کرد، کە بکەونە بەستنی پەیوەندی سیاسی هاوسەنگانەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لاوازی هەژمونی ئەمریکی دروستیکردووە.

ئێران هەنگاوێکی گەورەی بڕیوە، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن هێزی ناوکی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە دوای داگیرکردنی ئێراقەوە، ئێران وەك هێزێکی هەرێمایەتی دەربکەوێ و هەژمونی خۆی لە باشووری ئێراقدا نمایش بکات.

⋆ بلاوبونەوەی بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا.

⋆ هەڵکشانی ئاراستەی دژایەتیکردنی میللەتانی ناوچەکە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل.

⋆ لەدوای داگیرکردنی ئێراقەوە، و لە سایەی ئەو سیستەمە نوێیەی جیهان، کە سیستەمی ئاشوب و پشێوی بوو، بەهۆیەوە هەر دەوڵەتێك دەیەوێ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدی بێنێ.

سەرچاوە: ڕاپۆرتی واشنتۆن

## ساقی بارزانی

# راگەیاندنی کوردی هێشتا زۆر لە پاشڤەیە نەیتوانیوە لەبوارەکانی تەکنۆلۆجیا سودی تەواو وەرگرێت



ساقی بارزانی سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلیکترۆنی "کوردی-ئینگلیزی "کلاورۆژنەو مامۆستای زانکۆی مایرلەند لە ئەمریکا لەرێگای ئیمەیڵەوەو لەبارەی چەند تەوەرێکی تایبەت بە راگەیاندنو کاری رۆژنامەوانی چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد، لەم گفتوگۆیەدا رای تایبەتی خۆی سەبارەت بەم تەوەرانە بۆ خوێنەرانی زنار دەربڕی.

زنار: بەوپێیەی خۆت لەبواری راگەیاندنو میدیای ئەلیکترۆنیدا کاردەکەیو سەرپەرشتی ماڵپەرێکی وەکو "کلاورۆژنە"ی، پێتوایە راگەیاندن بەگشتی لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە، ئایا ئێستا دەتوانین بڵێین ئێمە خاوەنی راگەیاندنێکی پێشکەوتووین لە چاو دۆخی ئێستای هەرێمی کورستان؟.

**ساقی بارزانی:** ئەمە پێویستی بە شرۆڤەیەکی زانستیانە هەیە لەو بارەیەوە، وەلێ بەکورتی راگەیاندن لە کوردستان هێشتا لە قۆناغی زۆر سەرەتایی دایەو هۆکارەکانیشی دەگەرێنەوەبۆ:-﴿نەبوونی ئازادی رۆژنامەگەری، قۆرخکردنی میدیاو باڵادەستبوونی رۆژنامەگەریی حیزبی، نەبوونی یاسایەکی دیموکراسی بۆ پشتگیری لە رۆژنامەڤانان، نەبوونی سەرچاوەی ماددیو زانستیو تەکنەلۆجی لە کوردستان﴾. هەڵبەتە نکۆڵیش ناکرێت کە بەشێوەیەکی گشتی پێشکەوتنێکی هێدی هەبووە لە بوارەکانی راگەیاندن، بەلام وەکو پێویست نەبووە. هەندێ لە فاکتەرەکانیش پەیوەستن بە باری کۆمەلایەتیو سیاسییو تەنانەت جیۆپۆلتیکیشەوە. چونکە لەو دەڤەرەی کوردستانی تیا هەڵکەوتووە، سەرجەم وڵاتانی دراوسێ سیستەمێکی دیکتاتۆری پیادە دەکەن کە بووەتە هۆی راگەیاندنێکی دیکتاتۆرییانەو ئەمانەش کاریگەر بوونە لەسەر شێوەی ژیانو هەڵسوکەوتی کوردستانیانو دەسەلاتی کوردی. دەسەلاتی کوردی تا رادەیەکی بەرچاو شیاویەتی لەو قەیدە هەرێمیانە خۆی رزگار بکات، وەلێ هەنگاوەکانی لەچاو حکومەتە دیموکراتیەکانی رۆژئاوا خێرانینو ئەم گۆرانکاریانەش کاتێکی زۆری گەرەکە، وەلێ دەکرا خێراتر بکرێن.

زنار: رێبین هەردی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئێمە پێیوایە زۆریو بۆری بلاوکراوەکان وای کردووە پرۆسەی نووسین ئاسان بێت. بەراست، پێویستە لە ئێستادا چیبکرێ بۆ ئەوەی نووسین سەنگو قورسایی خۆی وەربگرێتەوە، وەکو دەڵێن﴿ بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی قوڵ بێت﴾نەک هەڵچوونو داڵغەی هەرزەکارانە، کە وایکردووە هەرکەسێك بگری لە کوردستان خۆی بە نووسەرو رۆژنامەنووس دەزانێ؟.

ساقی بارزانی: ئەوەی کاك رێبین باسی کرد یەکێکە لە هۆکارەکان، وەلێ هۆکارێکی گرنگتر ئاسانکارییو تەنکنۆلۆجیای زانیاریو ئینترنێتە. ئەمە بووەتە هۆی زۆربوونی سەرچاوەو سانابوونی بلاوکراوەو خێرایی پەیوەندی. پاشان لەم حەشاماتەدا کوالێتییو سانسۆر وەکو پێویست رەچاو ناکرێو بێگومان پێگە ئەلیکترۆنیەکانیش رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە بلاوکردنەوەیان. لەلایەکی تریشەوە سیستەمی ژیانی ئێستا وایلێکردووە کە بە سەردەمی خێرا ناسراوەو مودێلی هزری قوڵو تێروانینیە فەلسەفیانە لەسەر بابەتە گرنگەکان گرنگیی لەکیس داوەو خەڵکی بەدوای خوێندنەوەی خێران لە بری خوێندنی هزریی دوورودرێژ دەگەرێن.

زنار: بەو پێیەی کە خۆت لە خۆرئاوادەژیت، راگەیاندنی بیستراوو

بینراو چاپکراوی کوردی تاچەند توانیویەتی سود لەو ستایلە جیهانیەو خۆرئاواییە وەربگریّ لە بواری راگەیاندندا؟.

**ساقی بازانی:** راگەیاندنی کوردی هێشتا زۆر لە پاشڤەیە. هێشتا نەیتوانیوە لەبوارەکانی تەکنۆلۆجیا سودی تەواو وەرگرێت. کرچو کاڵییەکی زۆر دیارە بەسەر سەرجەم بوارەکانی راگەیاندن لە کوردستانداو ئۆباڵی تەنیا لەسەر رۆژنامەڤانان نییە چونکە رۆژنامەڤانان چەند بە توانا بێت هێشتا بەندە بە کۆمەڵگەکەی و پێشکەوتنی. بۆ نموونە من لە ئەمریکا رۆژانە لە رێوە بۆ کارەکەم سەرجەم هەواڵە تازەو خێراکان لە رێی(BlackBerry بلەکبێری)ەکەم پێدەگات یان رۆژنامەیەکی وەکو واشینگتۆن پۆست پتر لە ٥٠لاپەڕەیە کە دەکرێت لەهەمان کات لەسەر ئینتەرنێتیش بخوێندرێتەوە زۆر لاپەڕەی ئەو رۆژنامەیەی بۆ کوردستان ناشێن چونکە کوردستان هێشتا ئەو قۆناغەی پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدیوە.

**زنار:** رۆژنامەیەکی کوردستان لە ئاستی فرۆش و تیرازدا زۆر لە خوارەوەن، پێتوایە بێزاری خوێنەری کوردە لە زۆری بلاوکراوەکان یان نەبوونی سەلیقەو راستگۆیی رۆژنامەوانییە، یان دەکرێت بڵێین نەبوونی کولتووری خوێندنەوە هۆکاری دابەزین و کەمی تیراژی رۆژنامەو گۆڤارەکانە؟

**ساقی بارزانی:** دەکریّ سەرجەم ئەمانە هۆکار بن. واتە تێکەلاوێك بێت لەباری ئابووری هاولاتیان، پاشکەفتنی رۆشنبیریی و کولتووری یاسایی و دوبارەبوونەوەی بابەتی رۆژنامەڤانی، بیزاری و بیّ هیوایی خوێنەر، لاسایی و وێکچونی نێوان زۆربەی رۆژنامەکانی کوردستان. بەلای منەوە یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکان ناپرۆفیشنال بوونی رۆژنامەڤانانە واتە بە شێوازێکی زانستی کارەکانیان بەرێوە نابەن، تەنێ وەکو کارێکی ئیداری دەروانە پیشەی رۆژنامەڤانی.

**زنار:** ئەم یاسایەی کە لە پەرلەمان پەسەندکراو دواتر کێشەیەکی زۆری لەناو رۆژنامەنووسان لێکەوتەوە. پێتوایە دەرهاویشتەی چی بوو؟ بۆچی لەدوای نزیک لە بیست ساڵ بەسەر دەرکردنی بەعس لە کوردستان، یاسایەکی لەم جۆرە دەردەچێت..کە تەنانەت وایکرد فەیلەسوفێکی جیهانی وەکو( ئالان تۆرین) لە دژی ئەوە نامەیەك بۆ سەرۆکی هەرێم بنێریّ و داوای لێبکات ئیمزای ئەم پرۆژە یاسایە نەکات؟

**ساقی بارزانی:** دەسەلاتی کوردی لەسەر بنیاتی دەسەلاتی حکومەتە نا سەرکەفتیەکانی ئێراقەوە دارێژراوەو ژمارەیەکی زۆری ئەندامانیشی لە حکومەتە

**کرچو کاڵییەکی زۆر دیارە بەسەر سەرجەم بوارەکانی راگەیاندن لە کوردستانداو ئۆباڵی تەنیا لەسەر رۆژنامەڤانان نییە چونکە رۆژنامەڤان چەند بە توانا بێت هێشتا بەندە بە کۆمەڵگەکەی و پێشکەوتني**

کۆنەکانەوە تیایدا بەشدارن، زۆر ئاساییە کە پاشماوەی هزرو تێڕوانینی سیستەمی کۆن هێشتا لە ناخیاندا مابێ و نائاشنا بن بەسەرجەم پێودانگە دیموکراسییەکان. هەروەها مۆڵەتی راهێنانیشیان بۆ نەکراوە تا بە سیستەمی تازەو پێشکەوو شارەزابن و پاشانیش کاتێکی زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی بتوانێ ناوئاخنی کەرەکتەرەکان بگۆڕی ئەگەر ناومومکین نەبێ. بۆیە زۆر ئاساییە هەندێ لە ئەندامانی دەسەلاتی کوردی دژ بە سەرجەم رێساو یاساکانی رۆژنامەڤانی و بەلکو ئازادی و دیموکراسیش بن و دوژمن ئاسا بفکرێن. رۆژنامەڤان بوو کە وێنەی خەوتووی ٣ی پەرلەمانتاری بۆ خەلکی دەرخست. ئەنجا چۆن ئەو چەشنە پەرلەمانتارانە داکۆکیی لێدەکەن؟ رۆژنامەڤانە بابەتی گەندەلیی حکومەت دەوروژێنێ و ژیانی نایاسایی دەسەلاتدار، رۆژنامەڤان بە دوژمنی خۆی نازانێت و بۆی بلوێ رایێچی زیندانیشی ناکات؟ هەلبەت هەلوێستی سەرۆکی هەرێم زۆر دلخۆشکەرەو چۆن خۆی تووویەتی دیکتاتۆر دروست مەکەن پێویستە وەهاش هەمیش بەرگری لە ئازاییودیموکراسی بکات.

**زنار:** دۆخی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی چۆن دەبینی، ئایا میدیای ئەلیکترۆنی کوردی توانیویەتی بە ئەرك و مەهامی خۆی هەستێ؟.

**ساقی بارزانی:** بە هەلسەنگاندێکی خێرا دەردەکەوێت میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوەو بەپێی توانا لەو بوارەدا بە جێنەماوە. ژمارەیەکی سایتە کوردیەکان رۆژ بە رۆژ لە زۆربووندان و تەکنیکی دیزاین و میدیایی و راگەیاندنی پێشکەوتووتر بەکار دەهێنرێن. دەکرێ لە رێی فراوانکردنی تەکنۆلۆجیاوە ئانکاریی پتر بکات .

**زنار:** هەندێ ماڵپەڕ بوونەتە سەکۆی جوێندان و سوکایەتی بەم و ئەو، روکردنی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی بەرەو تەشهیر، لە نەبوونی دیموکراسی و ئازادی دروست بوو، یان حالەتێکی جیهانییەو کوردیش بە هەمان شێوە بەکاری دەهێنێ؟.

**ساقی بارزانی:** ئەمە لەبەر چەند هۆ دروست بووە« دەستەبەر نەبوونی ئازادی و رۆژنامەگەریی تەواو لە کوردستان، پەیڕەونەکردنی یاساو رێسا رۆژنامەڤانی، گەرەلاوژەو بێخاوەنی سەر ئینتەرنێت».

**زنار:** ماوەیەکی زۆرە کار لە"کلاوڕۆژنە"دا دەکەی، تاچەند توانیوتە خوێنەران رابکێشی بۆ ماڵپەڕەکەت، لەهەندێ کەسم بیستووەو دەڵێن" ماڵپەڕێکی وشکە" ئەمە چۆن لێك دەدەیەوە؟.

**ساقی بارزانی:** (٦)ساڵه بەردەوام له کلاوڕۆژنه کار دەکەم، ئێستاش پتر له ٥٢٠ نووسەری تۆمارکراومان هەیه که هەموویان خاوەنی لاپەڕەی خۆیانن. ژمارەی خوێنەرانمان ڕۆژ به ڕۆژ له هەڵکشاندایەو مانگانه پتر له ١٥٠٠٠٠خوێنەرمان هەیه. ئێمه زیاتر به ماڵپەڕێکی جدیی ناسراوین تا وشك چونکه زۆر بابەتی لاواز یان ڕفاوی یان بێسود بلاْوناکەینەوه. پاشان دەزگایەکی زانستی بوونی نییه که بکارێت هەڵسەنگاندنێکی زانستیانه لەلایەن دامودەزگایەکی باوەڕپێکراو بکاتو ئامارێکی ڕاستی لەسەر ماڵپەڕه کوردیەکان تۆمار کردبێ که بتوانین پشت ئەستوور بین پێی. بۆیه زۆربەی هەڵسەنگاندنەکان بێ بنەمان یان له ڕووی مەزاجەوەن هەڵسەنگاندنەکانیش له خوێنەرێکەوه بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازه.

**زنار:** ئایا تەمویلی ماددی ئەم ماڵپەڕه به تەنیا خۆتی یان هاوکاری دەکرێی؟.

**ساقی بارزانی:** چەندین ساڵه به تەنیا پشتبەستن به خۆم بەڕێوەی دەبەمو تا ئێستا هیچ کەس یان لایەنێ کۆمەکی نەکردووین.

**زنار:** کارمەندێکی ڕۆژنامەوانی هەر دەزگایەک له کوردستان ڕۆژ تا ئێواره ئەگەر کار دەکات موچەکەی ناگاته (٢٠٠) دۆلار، ئایا پیشەی ڕۆژنامەوانی بەم ئیمکانیاته نزمه تاچەند وادەکات ڕۆژنامەنووس ئازاد بێتو سەربەخۆ لەگەڵ دونیای ڕۆژنامەوانیدا مامەڵه بکات؟

**ساقی بارزانی:** ڕۆژنامەوانی له کوردستان هێشتا نەگەیشتۆته قۆناغی پیشەیی. زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان مانگانه یارمەتی له حکومەت وەردەگرن ئەگینا خۆژێنەرنین. ڕۆژنامەوانیش وەکو هەر کارمەندێکی تری حکومەت پێویسته له دامودەزگایەکی حکومی خۆی دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی خۆی بژێنێ. رکابەرێتیی تەندروست لەنێوان ڕۆژنامه سەربەخۆکاندا وادەکات که دەزگا ڕۆژنامەوانیەکانیش به دوای کەسانی پرۆفیشناڵ بن. لێ بەداخەوه هێشتا له کوردستان نەگەیشتۆته ئەو ئاسته.

# بەختیار عەلی له مەرگەوه بۆ داهێنان

**هاوڕێ کاسترۆ**

ئەدەبی کوردیو هەرەسهێنانی وشەو ماڵئاواییکردنی خوێنەر. ئەو شوومه بوو که ئەدەبی کوردی دەرگای بەرووی نووسینو داهێناندا داخستبوو. کڵۆمدانی دەرگا بەڕووی نووسینو داهێناندا ئەو مانایەیه که فەناکردنو ڕەوانەکردنی ئەدەبه لەناو تابووتی تەرمەوه بەرەو گۆڕستانی کتێبخانەکان. لەوێشدا خوێنەره ساردو سڕەکان فاتیحا بۆ مەرگی تاقانەی ئەدەب دەنێرن. بەڕاستی دونیای ئەدەبی کوردی بەر لەبەختیار عەلی تەواو ئەو وێنەیەیه که له چوارچێوەی ئەو وشەو مانایەدا دەجولاْ کەوێنەیان له یەکتر دەچوو، گواستنەوەی وشەو مانا بوو له کتێبکەوه بۆ کتێبێکی دی. گیانی داهێنانیان تێدا مردبوو. بۆیه ئەدەبێك بوو بەرەو گۆڕستان نەك بەرەو داهێنان ئەمەش فاکتەری دابڕانی خوێنەرانو نووسەرانی کوردبوو، که له دەیەی ڕابردوودا بۆیه ڕۆژ بەرۆژ کتێبخانەکانی کوردستان، چۆڵیان به خۆیەوه دەبینی. باڵانسی ئەدەبی له دابەزین دابوو. بەڵام لەیەکەم دەستپێکی نووسینی بەختیار عەلیو چەند نووسەرێکی دی داهێنانیان هێنایەوه ناو ئەدەبی کوردیو خوێنەرانیشیان بۆ جارێکی دی ڕەوانەی کتێبخانەکان کردووه.

بەختیار داهێنانی کرده چەقێکی گرنگ له ئەدەبی کوریدا، دواجار وەختێك داهێنان له کارکردنی ئەدەبیدا دەبێته فۆرمێکی سەرەتایی، شێوازی کارکردنی ئەدەبیش دەگۆڕێ. پرۆسەی نووسین له میتافیزیکیەوه بەرەو کرانەوه دەبات، بۆیه دونیای نووسینی بەختیار عەلی دونیای کرانەوەی نووسینو پەلکێشکردنی خوێنەره ساردو سڕەکانیشه جارێکی دی. هەروەها ئاشکردنەوەی مرۆڤو کتێبیشه. دەشێت بڵێین بەختیار عەلی بۆجارێکی دی ئەدەبی کوردی له مەرگەوه بۆ داهێنان گێڕایەوه. داهێنان لەدوای داهێنانی کرده بنەمایەك بۆ کارلەسەرکردن، بۆیه خوێنەرانی کورد بەردەوام چاوەڕوانی داهێنانی بەختیار بکەن. هەربۆیەشه ئەم پرۆسەیەی بەختیار عەلی گەیاندۆته ئاستێك که داهێنان لای ئەو ببێته چەمکی گرنگرتر، بۆیه لەیەکەم دەستپێکی نووسینی له ڕۆمانی مەرگی تاقانەوه تا شاری مۆسیقاره سپیەکان. دەبینین هەموو ئەو ڕۆمانانەی بەر له خۆی جێهێشتووەو داهێنانی بەرهەم هێناوه که بەر له بەختیار نەبووه یان کزبووه. ئەمەش کاریگەری لەگەڵ خۆی هێناوه جارێکی دی پشکۆی ئەدەبی کوردی گەشاندەوه. پرۆسەی ڕۆمانی کوردیشی بەجیهانو خوێنەران ئاشناکردەوه. لەلایەکیش زەمینەیەکی خولقاندووەو نووسەران تێیدا داهێنان بکەن. بۆیه دەبینین نووسین به گشتی له کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووه. ئەوەی ئەمڕۆ دەنووسرێت ئاستێکی بەرزی له لێکۆڵینەوەو بابەتی فیکریو ڕۆمان له خۆ دەگرێت، ئەمەش دەرەنجامی گەشەکردنی پرۆسەی نووسینو داهێنانه له کوردستان دا. که دەستپێکی ئەم داهێنانه بەختیار عەلی ئەنجامیدا. چونکه بەختیار یەکێکه لەو نووسەرانەی خەیاڵ لای ئەو زەخیرەیەکی پڕ بەهایه بۆ نووسەر. بۆیه خەیاڵو واقع لای بەختیار دەبێته بنەمای نووسین بۆ شاکارێکی گەوره. بۆیه ئەمه دەکاته سەنتەری کۆکردنەوەی جیاوازیه کۆمەڵایەتیەکانو ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی ڕەنگدانەوەی هەموو ڕەهەندو کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کوردی له خۆ گرتووه. بۆیه کاتێك ڕۆمانی بەختیار دەخوێننەوه هەر جۆره کەسێك بێت سەر به هەر ئایدیاو ئایدۆلۆژیایەك بێت هەست دەکەیت تۆ کارەکتەرەکەی، ئەمەش ڕوحی داهێنانه له نووسینی ڕۆماندا.

ئەگەرچی بەختیار له هەرسێ ڕۆمانەکەیداو لەسەدان دیدارو نووسیندا زنجیرەیەك داهێنانی بەدوای خۆیدا هێناو کۆمەڵێك پرسیاریشی جێهێشت، ئایا بەختیار له ڕۆمانی " غەزەل نووسو باغەکانی خەیاڵ" ئەم ریکۆرده دەشکێنێو داهێنانێکی دی له ڕۆماندا دەخاته سەر ڕۆمانەکانی دی؟ بێگومان ئەم پرسیارەو سەدان پرسیاری دی له ناوەندی ڕۆشنبیریی زۆر به گرنگی باسی لێوه دەکرێو وەك هێمایەك بۆ داهێنان دەبنرێت، بۆیەشه پڕفرۆشترین گۆڤارو ڕۆژنامه ئەوانەن که بەختیار تێیدا دەنووسێ یان دیداری لەگەڵدا ساز دەکرێت. تەنها دانەیەکیش له بازاڕەکاندا نامێنێتەوه. ئەمەش ئەو کاریگەریەیه که بەختیار لەسەر ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی داناوەو فەزای نووسینی بەرەو ئاراستەیەك بردووه مرۆڤی کورد گەشبین بێت به دواڕۆژی ئەدەبی کوردی. دواجار ئەوه دەڵێم بەختیار عەلی چەندانی وەك بەختیار عەلی دوای ڕاپەڕین دەروازەکانی بەردەم گەشەکردنی ئەدەبو داهێنانیان شاکاندو پێنووسیان بەهەموو کەلەبەرەکانی ژیاندا کردو نهێنیەکانی ئەم کۆمەڵگایەیان واڵاکرد، ئەمەش گۆڕانه له کۆمەڵگادا.

# لە قەڵەمڕەوی نووسیندا

خدر ئیبراهیم

دواجار پەرلەمان بەسەر بڕیارێکی کتوپڕەوە گیرسایەوە، بڕیاری قەدەغەکردنو سنوردانان بۆ جگەرەکێشان. لە ولاتێکدا کە زۆر دەمێکە جگەرە هاودەمی بێکەسو گیرۆدەو غەریبو مرۆڤە دەستە وەستاوەکانە! هەموو ئەوانەی جگەرە دەکێشن، بە یەقینەوە لە خراپی کردەی جگەرەکێشانیان بە ئاگان، دەخوازن رۆژێك دابێت وەلای بنێن، بەلاّم نازانن بە چ رێگایەك ناشزانن بە چ شێوازێك ئەم بڕیارە پراکتیزە بکەن کە ئیرادەیەکی یەکلاکەرەوەی دەوێت.. گرفتەکە لەوەدایە پەرلەمانیش ناتوانێ یا نایەوێت، میکانیزمەکانی کەمکردنەوەی جگەرەکێشان لای تاکی کوردی برەخسێنێت، یا پرۆگرامێکی وای هەبێت، لە ئاست هێزی ئاوەزی تاکی کوردی توانای رازیکردنی هەبێتو لە خەیاڵدانی مرۆڤی کورددا وا بکات، شتگەلێکی بەرجەستەی دی ببنە جێگرەوەی جگەرەکێشان.. یاخود بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێن کە وایلێکردووە بگاتە ئەو وەهمەی بە دوکەڵی جگەرە سوکنایی بە تراژیدیاکانی ژیانی بێنێت.

قسەی من لەسەر ئەوە نییە کە شەنوکەوی هێزو قورسایی ئەم بڕیارە لای تاکی کوردی بکەم، بەڵکو دەخوازم بەراوردێك لە ئاست مەترسی جگەرە وەك کردەیەکی نەخۆشهێن لەگەڵ کردەی خواردنەوە روحیەکاندا بەراوردبکەم کە پەرلەمان جەنگی لە دژی یەکەمیاندا راگەیاندووەو دووەمیشی پشتگوێ خستووە.

سەیرە پەرلەمان بڕیارێك بۆ جگەرە لەبەرچاو دەگرێت، بەلاّم لە ئاست خواردنەوە روحیەکاندا بڕیارێکی یەکلاکەرەوە راناگەیەنێت! خۆ ئەوانەی ئەمڕۆ بە خواردنەوەکانەوە گیرۆدەن، هێندەی نەماوە بگاتە ئەوانەی ئەمڕۆ بە خواردنەکانەوە گیرۆدەن، هێندەی نەماوە بگاتە ئاستی جگەرە کێشەکان لە ژمارەدا، تەنها ئەوەندە نەبێت کەوا هێشتا کردەی خواردنەوەکان لە پەناو پەسیوو شوێنە داخراوو نا ئاشکراکاندا ئەنجام دەدرێت، بەلاّم جگەرەکێشان ئازادیەکی نیمچە رەهای بەدەست هێناوە. لەرووی کۆمەلاّیەتیەوە ئەو مرۆڤانەی مودمینن بە خواردنەوەکانو پێیانوایە بۆ قوتار بوون لە گرفتە خودیو بابەتیەکانیان خواردنەوە دەردی دەرمانیانە، پێویستیان بەوەیە راستبکرێنەوە. ئەو خوێندکارانەی بە فرسەتی خوێندن لە جوگرافیای قەڵەمڕەوی خێزانەکانیان دووردەکەونەوەو لە پەنا ئازادی تاکە کەسیاندا گیرۆدەی خوارنەوە دەبن، وریاکردنەوەیان دەوێت. ئەو کەنالاّنەی بە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بانگەشەی خواردنەوەکان دەکەن، ئاگادارکردنەوەیان دەوێت. ئەوەندەی خورادنەوەکان مەرگی حەتمی دەخولقێنن، جگەرە لەو کەمتر مەرگ درووست دەکات.

ئەگەر وەلاّمی پرسیاری (بازدان بەسەر خواردنەوەکاندا)، ئەوەبێت کە لە زووەوە (یاسا)قەدەغەی بەکاربردنی خواردنەوەکانی کردووە لە خوارتەمەنی (١٨)ساڵیدا، ئەوە پێموایە وەلاّمێکی نەخوازراوە، چونکە ئەوانەی ئێستا خواردنەوە روحیەکان بەکاردەبەن، نیوەی زیاتر هەرزەکارو تازەپێگەیشتووە بێ ئەزموونەکانن. سەرنجدان لە سەرانگاکانو باخچەو شوێنە تایبەتیەکان ئەو راستییە دەسەلمێنن کە رێژەی ئەو گەنجانەی خواردنەوەکان بەکاردەبەن تۆقێنەرە! ئەدی بۆچی بڕیارێك بۆ قۆرغکردنو بەرتەسککردنەوەی مەیدانی بەکاربردنی ئەو خوارنەوانە لەبەرچاو ناگیرێت، ئایا ئەرکێکی هەنووکەیی نییە!.

ببورن کە لێرەدا پێوانەکاریەکم لە نێوان(جگەرە)و (خواردنەوەکان)دا خستۆتە روو، چونکە ئەو پێوانەکاریەم لە ژێر رۆشنایی سەرسامی خۆم لە ئاست (وەلانانی جگەرەو پشتگوێخستنی خواردنەوەکاندا)لا دروست بووە، وە لەسەر بنەڕەتی ئەو ئیدیۆمەی کە دەڵێت" قسە، قسە رادەکێشێ" پێویستی بەوە بوو ئاماژەیەکی بۆ بکەم.

ئەگەر لە رووە ئاینیەکەیدا جگەرە "مەکروه" بێت، ئەوا خواردنەوەکان "حەرام"ن. ئەگەر جگەرە وا لەمرۆڤ بکات وەك تاکەکەس بیکێشن، ئەوا خواردنەوەکان تاکەکەسو خێزانو کۆمەڵگە دەشێوێنێت. ئەگەر جگەرەکێشان مرۆڤەکان لاوازو ناشیرین بکات، خواردنەوەکان بێئاگای دەکەنو رەفتاری دوور لە رەفتاری باوی کۆمەلاّیەتی پێ دەنوسێنن. ئەگەر جگەرەکێشان سینەو قورقوڕاوگەی مرۆڤەکان پیسو ئاڵودە بکات، ئەوا خواردنەوەکان نەك ناخی کەسی ئاڵودەبوو تێك دەدا، بەڵکو ژینگەو دارستانو سروشتیش وێران دەکات لە رێی پاشماوەکانیەوە.. ئەگەر جگەرەکێش مایەی سستیو دەستەوەستانی تاکەکان بێت، ئەوا خواردنەوەکان دەبنە مایەی ملکەچیو لە خۆ نامۆبوونو لاوازی نواندن لە ئاست بچوکترین خواستی کەسی گیرۆدەبوودا! دواجاریش ئەگەر جگەرەکێشان کردەی بەدۆخۆراکیو سەرهێشەو دزێوکردنی دەستو پەنجەی مرۆڤەکانی لێبکەوێتەوە، ئەوا خواردنەوەکان وا لە کەسی گیرۆدە بوو دەکەن بڕیارو کردارەکانی لە دەمی مەستیو بە ئاگابوونیدا بەقەدەر ئاسمانو رێسمان لە یەکدی جودا بن.

کەواتە بۆچی بڕیارەکە جگەرەی گرتەوەو مۆتەکەی جگەرە بوە یەکەمین سەردەستەی ئەو بەکاربراوانەی قەدەغە دەکرێن؟. بۆچی بڕیارەکان لەپێناو چارەسەری ئەو گرفتو قەیرانانەدا دەرناچن کە مایەی (خودی جگەرەکێشانو خواردنەوەکانو نا ئومێدبوونو کۆچکردنو خۆ فەناکردنی تاکە کەسەکان)ن؟!.

# ڕێگا ڕەئووف

# هێشتا باجی پاشکۆیەتی بوونمان بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەدەینەوە



**ڕێگا ڕەئووف نووسەرو هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان. یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٩٣-٢٠٠٠، سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەی یەکسانی کە بە زمانی کوردی دەردەچوو (المساواة) بە عەرەبی دەردەچوو لە ساڵی ١٩٩٦و ٢٠٠٠ تا ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکەمینجار لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ڕێکخراودا سەنتەری پارێزگاری ژنانی دامەزراندووە بۆ پارێزگاری ئەو ژنانەی کە بەهۆی هەڕەشەو توندوتیژی پیاوسالاری ڕووبەروی دەستدرێژی دەبوونەوە. ڕێگا ڕەئووف تا ئێستا سێ کتێبی بەچاپ گەیاندووە بەناوەکانی( هاوارێك لە کوردستانەوە. کە وەگێڕدراوە بە چەند زمانی بیانی" هەروەها کتێبی " بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان"و سێهەمین کتێبیش تایبەتە بە ژیانی شەخسی خۆم لە ژێر ناوی " ژنی ٣٠ساڵە لەپشت دیواری خێزانەوە چ دەگوزەرێت؟". لەساڵی ٢٠٠١وە هەڵسوڕانی سەرەکی لە کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی ژنانی عێراقی لە سویددا دەستپیکردووەو لە ساڵی ٢٠٠٧ کاری نوێنەرایەتی ئازادی ژنی لقی سویدی وەرگرتووە. تەمەنی ٣٩ ساڵەو لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید دادەنیشێ‌و پیشەی توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی لە پەناگەی(کریستینا ) بۆ پارێزگاری ژنان. بۆ ئەم ژمارەیەی زنار چەندپرسیارێکی فرە تەوەرمان ئاراستەکردوو بە خۆشحاڵیەوە وەڵامی داینەوە.**

زنار: بەڕێزتان لە کوردستان لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان‌و ڕۆژنامەی یەکسانی جێگەیەکی دیارتان هەبوو، بەڵام دوای ڕۆیشتنتان بۆ ئەوروپاو لەو بوارەدا کەمتر کاروچالاکیەو نووسینەکانت دەبینرێ بەتایبەتی لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا، هۆکاری ئەمە چییە؟.

ڕێگا ڕەئووف: کارکردنم لە کوردستان بۆ مافی ژن، سەرباری ڕێگری‌و کێشەو گرفتێك کە دەهاتە پێشەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسان بوو شورو شەوقێکی دی هەبوو. من لە کۆمەڵگەی کوردستان گەورەبووم، زمان، کولتوور، ناسینی خەڵك‌و بەرگری‌و گرفتەکانیش ئاشنابووم‌و دەمزانی کە بە چ جۆرێك دەبێت کار بکەم بەڵام کاتێك کە هاتمە سوید هەموو ئەمانە بوونە کێشەی سەرەکی‌و ژیانی تازەم پێویستی بە

خۆدزینەوەبوو. پێویستیم بە پلاتفۆرمێك بوو كە تیایدا زمانی سویدی بزانم، بە خەڵكەكەی ئاشنابم و لە مینتالیتیت و بیركردنەوەیان تێبگەم تا بتوانم بێمە ناو كۆمەڵگاوە، كە هەم جێگەی خۆم بكەمەوە هەم كاریگەریم هەبێت لە سەریان ئەمەش ماوەیەكی باشی ویست. لەبیرمە دوای دوو مانگ لە سوید تووشی سەدمەبووم كە تا دوێنێ ٢٤ سەعات كارم دەكردو ناسراو بووم و هەستم دەكرد كە هەم دەورونەخشم هەیەو ئێستا نەك هەر كەس ناماناسێت بەڵكو زۆریش بێگانەم بەم كۆمەڵگایە، تەنها پەیوەندیەك بەو كۆمەڵگایەی كە(٣٠) ساڵ تەمەنم تێیدا بردەسەر تەلەفۆن و ئینتەرنێتە، بە كورتی پێم لەسەر ئەرزی واقع نەمابوو. چەند رووداوێكی دڵتەزین لەوانە مەرگی لەناكاوی براكەم كاریگەریەكی گەورەی هەبوو لەسەر ژیانم كە بۆماوەیەكی باش لە هەموو كارێك رایوەستاندم. بەهەرحاڵ وردە وردە ئاشنایەتیم بە وڵاتی تازەو زمانی تازە پەیداكردوو فێربووم، لەهەمووی گرنگتر ئاشنابووم بەوەی كەچۆن بۆ مافی ژنان لێرە كاربكەم كە بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ كوردستان. لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تا رادەیەكی زۆر لە ناو میدیای سویدیدا دەركەوتووم و بەشداریم كردووە لە چەندین كاری هاوبەش و هەڵسوڕان لەنێو دامودەزگاو رێكخراوی سویدی جالیەدا. ئەم دووساڵەی ئەخیر هەرچەندە نەوەستاوم لەكار، بەڵام بەهۆی ئەوەی بۆ دووەم جار بوومە دایك و هاوكات نەشتەرگەریەكی گەورەی فەقەراتم كرد كە بوە هۆی كەمێك دووركەوتنەوەم لە كاروبارەكان.

زنار: رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، لەدوای رووداوەكەی ٧/١٤و بەرەو پوكانەوەو نەمان دەچێ، ئەگەر چالاكیشتان هەبێ ئەوا لە چوارچێوەی (رێكخراوی ئازادی ژن ) لە دەرەوەی وڵات خوارو ناوەراستی عێراقدایە، واتە لە كوردستان هەست بەنەبوونی پێگەی ئەو رێكخراوانە دەكرێ كە بەجۆرێك لە جۆرەكان پابەندن بە بیروباوەڕی كۆمۆنیستی؟.

رێگا رەئووف: پوكانەوەی رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، دوای رووداوەكەی ١٤ی تەمووز واقعیەتێكی حاشاهەڵنەگرە، كاتێك زۆرترین ژمارە لە هەڵسوڕاوانی رێكخراو دێنە دەرەوەو مەعلومە كارو چالاكیش نامێنێت. جێگەی داخە كە تا ئێستا نەمنتوانیوە ئەم بۆشاییە پڕ بكەینەوە بەڵام لە هەوڵداین بۆ ژیانەوەی رێكخراو. ساڵی ٢٠٠٣رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و چەند هەڵسوڕاوێكی ژنان لە بەشی ناوەڕاست و خواردووی عێراق هەستاین بە پێكهێنانی" رێكخراوی ئازادی ژن لە عێراق"، بەهیوای ئەوەی كە بتوانین

**خێزانە كوردەكان بە هاتنیان بۆ سوید بەداخەوە لەماوەی ٢٤ سەعاتدا ناگۆڕێن بۆ كەسانێكی پێشكەوتووخواز بەڵكو ئەو كولتوورو عەقڵیەتە پیاوسالاریەو دواكەوتوویەش لە جانتای سەفەرەكەیاندا دەپێچنەوە لەگەڵ خۆیان دەیهێنن**

لەسەر ئاستی عێراق كاریگەریمان هەبێت و لە جەرگەی رووداوەكاندا دەورو تەئسیرمان هەبێت. بۆیە لەو كاتەوە ئێمە كارو چالاكیەكانمان لە چوارچێوەی رێكخراوی ئازادی ژن لە عێراق درێژەپێدەرێ رێكخراوی سەربەخۆیەو هەمان بیروڕاو ئامانجی هەیە كە رێكخراوی سەربەخۆ هەیبوو، واتە رێكخراوێكی چەپ و رادیكاڵی ژنانە. بەشی كوردستانی رێكخراوی ئازادی ژن بەداخەوە لەناو كوردستاندا هێشتا زۆر سستە، چ لە بوونی بنكەی رێكخراو بگرە تا بوونی هەڵسوڕاوان و دەركەوتنیان، بەڵام تا رادەیەكی زۆر هەوڵمانداوە كە لە مەسائیلەكانی كوردستان دەخالەت بكەین، بۆ نموونە مەسەلەی بەردبارانكردنی (دوعا)گەورەترین كەمپینی جیهانیمان بۆ بەرێخست. مەسەلەی قانوونەكان، كوشتنی ژنان و زۆر كاری تر هەیە كە لە ئەوروپا دەستمانە پێكردووە، بەڵام لە سلێمانی و هەولێر كۆتاییمان پێهێناوە. خاڵێكی تر كە نابێت لەبیری بكەین و دووری سەرەكی هەیە لەسەر ئیفلیجكردنی كارەكانمان، ئەویش رێگری دەسەڵاتدارانە لە كوردستان بۆ كردنەوەی بنكەو ژیاندنەوەی چالاكیەكانمان. تا ئێستا چەندینجار ئیجازەمان تەقدیم كردووە بەڵام بێ فایدە بووە، ئەمە جگە لەوەی كە چەندین جار ئەندامەكانمان دەستگیروزیندانی كراون. هیوادارم كە بتوانین لەماوەی داهاتوودا ئەم كۆسپ و رێگریانە تێپەڕێنین.

زنار: چەوساندنەوەی ژنان كەم تازۆر بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەموو گۆشەیەكی دونیا هەیە، بەڵام لە كوردستان و عێراق بەگشتی فۆرمی زۆر بەربەری وەگرتووە، پێتوایە رێگاكانی كۆتایی هێنان یان بڵێین كەمكردنەوەی ئەم چەوساندنەوەیە بەكوێدایەو دەكرێ لە ئێستادا چیبكرێ؟.

رێگا رەئووف: توندوتیژی لە بەرامبەر ژنان وەك خۆت دەڵێیت لەهەموو گۆشەیەكی دنیا هەیە، بەڵام لە كوردستان و تەنانەت خواروی عێراقیش رۆژ لەدوای رۆژ شێوازی درندانەترو بەربەری تر بەخۆیەوە دەگرێت، هۆی ئەمە چییە؟ بۆ زۆرێكمان ئاشكرایە كە بوژانەوەی ئیسلامی سیاسی لە دونیاو بەتایبەتی لە كوردستان دەوری سەرەكی هەبووە لە خراپ بوونی باری ژنان و هێرش بۆسەر مافەكانیان. سیاسەتی ئەمانە هەمیشە ترساندن و هەرەشە لە ژنان و رێكخراوەكانی بووە. هۆكارێكی تری مەئساتی ژنان قانوونەكانی باری كەسەیەتی عێراقیە كە دوژمنی سەرەكی ژنانەو پاڵپشتیەكی قایمە بۆ تاوانباران و بكوژانی ژنان. بەبێ ئاڵوگۆڕی جدی لەم قانوونەدا بە قازانجی ژنان كارمان سەختتر دەبێت، بەڵام چیبكەین بۆ ئەوەی هەم تەئسیری قانوونەكان كەم بێتەوەو هەم



ژیانی ژنان به ئاقارێکی پۆزەتیڤدا بەرین؟. بەر لەهەر شتێك دەبێت دەسەڵاتداران دانبنێن بەبێ مافی ژنان، لە هەمووی گرنگتر بە کوشتنی ژنان، دوای ئەمە دەبێت هەنگاوبنێین بۆ نەهێشتنو قەڵاچۆکردنی کوشتنی ژنان. بۆ ئەمەش چەند ڕێگایەك هەیە کە دەست بۆ بردنی دەتوانێت ئاڵوگۆڕی زۆری گرنگو حەیاتی لە ژیانی ژناندا دەستەبەربکات، من لێرەدا زۆرتر ئیشارەدەکەم بە کۆتایی هێنان بە کوشتنی ژنان، چونکە پێموایە ئەمە کلیلی سەرەکی رزگاری ژنانە لەوانەش:-ل۞یەکەم: دەوڵەتو دەسەڵاتداران بێنەپشت هەڵمەتی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ قەدەغەکردنی کوشتنی ژنان. دووەم:کردنەوەی هەرچی زیاتری سەنتەرەکانی پارێزگاری بۆ ژنانێك کە تووشی هەڕەشە یاخود توندوتیژی دەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دانانی کەسانی پسپۆڕو بەتوانا لە بواری ناسینو جێبەجێکردنی مافەکانی ژنان تا لەباری عەمەلیدا بەربگیرێت بە هەر جۆرە لادانێك، نەك ئەوەیش کە ئەم سەنتەرانە ببێتە جێگایەکی تر بۆ چەوساندنەوەی ژنان وەك ئەوەی ئێستا دەیبینینو دەیبیستین. سێهەم: دانانی بوودجەی تایبەت بۆ هەڵمەتی وشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لەخراپیو زەرەروزیانی هەم گیانی هەم دەروونی هەڕەشە لەسەر ژنان. هاوکات بارهێنانیان بەرێزگرتن لە مافەکانی ژنان. ئەم هەڵمەتە دەتوانێت هەموو چینو توێژەکانی بگرێتەوە، واتە لە قوتابخانە، فەرمانگە، زانکۆ، پۆلیس، ئاسایش...هتد. چوارەم: پێکەوە بەستنو کاری هاوبەش لەنێوان چەند دەزگایەکی حکومیدا کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بە قوربانیانی توندوتیژیەوە، لەوانەش مەحکەمە، پۆلیس، دایرەی رعایەی کۆمەڵایەتی... ئەم جیهەتانە دەبێت پێکەوە کاربکەنو بۆ ئەمەش دەتوانرێت سوودوەبگرێت لە تەجروبەی وڵاتانی تر ئەگەر نموونەی شوێنی کارەکەم باس بکەم، ئێمە جێگای تایبەتمان هەیە بۆ ئەو ژنانەی کە تووشی توندوتیژیو یاخود هەڕشە دەبنەوە. ژنەکە خۆی یا هەر کەسێکی تر پەیوەندی دەکات بە دایرەی سۆشیالەوەو ئەوانیش بە رێگای خۆیان ژنەکە دێنن بۆلای ئێمە، ئێمە ئەو گروپەی کە لەوێین جگە لەوەی ژیانی ژنەکە دەپارێزین، هەوڵ دەدەین کە فشارمان لەسەر لایەنی بەرپرس دابنێین. پاشان دایرەی پۆلیس دێتە ناو مەوزوعەکەوە لەبەر ئەوەی پۆلیس لە ئەوروپا ئەرکی پاراستنی ژیانی خەڵکە! بۆیە دێن ئیفادە وەردەگرن لە ژنەکەو پاشان ئەوانیش بەرێی خۆیان راپۆرت ئەدەن بە حاکم، بێگومان هاوکات پارێزەرێکیش بۆ دیفاع لە ژنەکە وەسڵ دەکرێت. ئیتر بەم جۆرە کارەکان رەوای ئاسایی خۆی دەگرێت تا دیاریکردنی رۆژی مەحکەمەو ...هتد. لێرەدا خاڵێ گرنگ ئەوەیە کە لەم ماوەیەدا کاتی ژنەکە لەلای ئێمە دەمێنێتەوە پشتیوانی مەعنەوی دەکرێت لە ڕێگەی قسەوباسی مونەزەمو بەردەوام، چوونکە نابێت لەبیرمان بچێت کەسێك کە تووشی هەڕەشە دەبێتەوە یاخود بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کەسیان ژیابێتو تووشی توندوتیژی بووبێتەوە هەم لەباری دەروونیەوە وێران دەبنو هەم ئیعتماد بە نەفسیان زۆر لاواز دەبێت بۆیە کۆمەکردن بە گێڕانەوەی باوەڕ بە خۆبوون زۆر گرنگە. پێنجەم: لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە کەسێك هەڵدەستێ بە هەڕشە لە ژنان دەبێت سزا بدرێت. دێمەوە سەر ئەوەی کە قانوونی سزادەبێت کاری پێبکرێت لە بەرامبەر تاوانباراندا. لێرەدا سزادان تەنها بەمانای ئەوە نییە کە حوکمی زیاندان بدرێت، بەڵکو جۆری هەیەو یەکێك لەوانە زیندانیە. لێرەدا مەسەلەیکی گرنگ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە سزا دەدرێن دەبێت کۆمەك بکرێن کە دوای تەواوکردنی ماوەی سزاکەیان ببنە هاوڵاتیەکی باشو سالم، واتە کاربکرێت لەسەر ئەوەی کە نەگەڕێنەوە بۆسەر هەمان هەڵسوکەوت. رەنگە کەسانێك بڵێن ئەمە کارێکی خەیاڵیەو ماوەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام لێرەدا دەمەوێت تەسویرێك بدەم لەوەی کە دەتوانرێت کاربکرێتو خەیاڵی نییە، جگە لەوەی کە هەرکام لەم خاڵانە دەتوانرێت بە جیاواز دەستی بۆ ببرێت.

زنار: ژنی کورد لە دەرەوە رووبەروی دەستدرێژی چەوساندنەوە دەبێتەوە، هۆکاری ئەمە چییە؟ لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بۆ نموونە بەریتانیا، سوید، نەرویژ، کە وەکو باس دەکرێ کورد زۆرترین رێژەی ئەو توندوتیژیەی بەرکەوتووە بە پێی راپرسیەکان؟.

رێگا رەئووف: خێزانە کوردەکان بە هاتنیان بۆ سوید بەداخەوە لەماوەی ٢٤ سەعاتدا ناگۆڕێن بۆ کەسانێکی پێشکەوتووخواز بەڵکو ئەو کولتوورو عەقڵیەتە پیاوسالاریەو دواکەوتوویەش لە جانتای سەفەرەکەیاندا دەیپێچنەوە لەگەڵ خۆیان دەیهێنن. بۆیە ئەوە راستە کە ژنانی کورد لە ئەوروپا بێبەش نەبووە لەو توندوتیژیەی کە پێشتر لەسەریان بووە لە وڵاتی خۆیاندا. جگە لەمەش نەبوونی مەعلومات لەسەر ئەم خێزانانە، ریشەیان لەلایەن دامو

دەزگاکانەوە. نموونەیەك بێنمەوە لەسەر بەرخودی دەزگاکان لەگەڵ "فادیمەی شاهیندال" کە بەدەستی باوکی کوژرا لە ساڵی ٢٠٠٢. کاتێك فادیمە چووە لای پۆلیس‌و شکایەتی کرد لەباوکی، پێیان گوت کە برۆ بە باوکت بڵێ بۆ نییە هەڕەشەت لێبکات. حەتمەن وەڵامێکی زۆر ئەحمەقانەبوو بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەی نیشاندا کە پۆلیس یان مینتالیتیتی ئەوروپی بڕاوی نەدەکرد کە باوکێك بەراستی بتوانێت کچی خۆی لەسەر ئەوەی حەزی لە کوڕێك کردووە بکوژێت. بۆ ئەوروپیەك نە تەنها بۆی نییە تەداخول بکات لە ژیانی کچەکەی یان کوڕەکەیدا بەڵکو کۆمەك‌و پشتیوانی بۆ ئەوروپیەك نە تەنها بۆی نییە تەداخول بکات لە ژیانی کچەکەی یان کوڕەکەیدا بەڵکو کۆمەك‌و پشتیوانی تەواوی ئەکەن تا تووشی گرفت نەیەت. بێجگە لەوەش کەسێك کە بەو جۆرە بیربکاتەوە بەشێت یان نەخۆش سەیری دەکەن. بەهەرحاڵ بەداخەوە فادیمە بووە قوربانی بەڵام دوای ئەو رووداوە چەندین دام‌ودەزگاو لایەنی تایبەت دامەزراوە بۆ وشیارکردنەوەو راهێنانی کەسانی پەیوەست لەم بوارەدا، من خۆم تا ئێستا لە چەندین قوتابخانە، رێکخراو، دایرەی سۆشیال، چەندین شوێنی تر سیمنارو کۆڕو کۆمەڵەم بووە بۆ ناساندنی ئەم گرفتەو رەگ‌و ریشەکەی حەتمەن کارێکی ئاسان نەبوو کە بیرکردنەوەی خەڵك بگۆڕین، بەڵام موستەحیلیش نەبوو. کاردانەوەی پۆلیس‌و حاکم‌و دام‌و دەزگاکانی سۆشیال بە ژنانی پەنابەرەوە بەتایبەت بە ژنانی کورد زۆر گۆڕاوە لە سست‌و خاویەوە بۆ کاردانەوەی خێراو شیاوو لەهەمووی گرنگتر باوەڕکردن بەسەر گوزشتەی ژنەکە.

زنار ئێستابەڕێزت بە چیەوە سەرقاڵی، ئایا لەبەرنامەتدا هەیە لە بواری کێشەی ئافرەتان چی بکەی، بەو پێیەی لە ساڵانی رابردوو کەسی هەڵسوڕاو بوون لەم بوارەدا؟.

رێگا رەئووف: من ئێستا بێجگە لە درووستکردن‌و بووژانەوەی لقی رێکخراوی ئازادی ژن لە سویدو بەشداری لە کۆڕو کۆمەڵی ژنان لێرە، سەرقاڵی نووسینەوەی کتێبەکەمم کە تایبەتە بەژیانی خۆم، چوونکە کاتی خۆی بەناوێکی ترەوە بڵاوم کردەوەو ئێستا دەمەوێت بەناوی واقعی خۆمەوە بڵاوی بکەمەوە. هەروەها رۆژنامەی یەکسانیم وەرگرتووە کە هەوڵ ئەدەم لەماوەی داهاتوودا ژمارەی تازەی دەربکەم. ئێستاش وەکو دنیای شەخسیم خاوەنی دوو منداڵم کە حەتمەن کاتم زۆر دەگرێت‌و هەروەها کاری مەعیشەت کە ئەویش هەر زەرووره، هاوکات لە پایزی ٢٠٠٨لە زانکۆ دەست دەکەم بە خوێندن. راستە لەماوەی شەش سال دووریم لە کوردستان تووشی دەورانی بێدەنگی‌و کەم کاری بووم، بەڵام بۆ یەك لە حزەش لەم ماوانەدا مەسەلەی ژنان لە بیرو هزرمدا دەرنەچووەو دەرناچێت. گەورەترین شانازی لە ژیانمدا کارکردنم بووە لە کوردستان، هیوادارم لە ئایندەدا بتوانم بۆ بنیاتنانی ژیانێکی باشتر نەك تەنها بۆ ژنان بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگا دەوری جدیم هەبێت.

زنار: هەندێك هەن، باس لە گیرفانێکی ئازاد دەکەن بۆ ئافرەتان تا بتوانن ئازاد بن، ئایا مەرجی ئازادی ئابووری بۆ ژنان دەبێتە هۆی ئازادبوون لە بوار فەردیدا ؟.

رێگا رەئووف:منیش پێموایە سەربەستی ئابووری ژن زۆر پەیوەندی بە ئازادی‌و سەربەخۆیی بوون هەیە لە زۆربەی بوارەکانی تری ژیاندا، تەنانەت منیش کە هیچ شتیك ناتوانێت رێگربێت لەبەردەم ئازادیمدا ئەگە کار نەکەم‌و دەرامەتێکی باشم نەبێت، زۆر زەحمەت دەبێت ئەو هاوسەنگیە رابگرم. بەکورتی دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەڵێ ئازادی ئابووری کلیلێکی سەرەکیە لە ئازادبوونی ژناندا لە زۆربەی زۆری بوارەکاندا. گیرفانی ئازاد لە روانگەی منەوە بە واتای هاوسەنگی دەسەڵات دێت لەگەڵ پیاودا. چونکە سیلاحی سەرەکی پیاو لە چەوساندنەوەی ژناندا ئەوەیە کە ژنان بەخێودەکەن‌و ئەرکی مەعیشەتیان لەسەرە بۆیە ئەگەر ئەم ئەرکە دابەش بکرێت، حەتمەن چەکەکانیان لەکار ئەکەون‌و چروك دەبن( بە پیکەنینەوە).

زنار: هەندێك پێیانوایە فیمینزم بە بزوتنەوەیەکی دژە پیاو دەژمێرن، ئایا بزوتنەوەی فێمێنیستی یاخود بڵێین بیرکردنەوەی فێمینیستانە تاچەند خزمەت بە هەوڵەکانی ئافرەت دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی‌و یەکسانی؟.

رێگا رەئووف: ئەوە حەقیقەتێکی تیایە، لەسەرەتای سەرهەڵدانی بززوتنەوەی فێمینستی بزوتنەوەیەکی دژی پیاو بوو، بەڵام ئێستا ئەم بزوتنەوەیەش وەك زۆربەی زۆری بزووتنەوەکانی تر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، لە سوید وشەی (فیمینیست) تەقریبەن بەواتای هەڵسوڕاوی ژنان دێت‌و لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە فیمینستەکان چەپن‌و بەرەی چەپی کۆمەڵگا دەگرێتەوەو لە بەرامبەریشدا بەرەی راست بەخۆیان ناڵێن فیمینست. ئەم بزوتنەوەو بیرکردنەوەیە خزمەت دەکات بۆ بەدیهاتنی مافەکانی ژنان. زۆربەی زۆری ئەو رابەرو هەڵسوڕاوانەی کە لەم بزوتنەوەیەدان‌و من دەیانناسم کەسانێکن زۆر توندو تیژو راست‌و رەوانن لە رەخنەگرتنیان لە نیزامنی سەرمایەداری‌و پیاوسالاری‌و دین.

زنار: بوونی رێکخراوەکانی ژنان بەم شێوەیەی لە کوردستان هەیە، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توندوتیژی لەناو خێزانەکان؟.

رێگا رەئووف: بوونی رێکخراوی ژنان حەتمەن کاریگەری باشی هەیە، بەڵام بەم شێوەیەی کوردستان تەئکید نیم! یاخود بابڵێم نازانم مەبەستت چیە لەمە؟ بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەوەی کە من تێی دەگەم وەلامی خۆمی لەسەر بدەمەوە. لەگەڵ رێزمدا بۆ هەندێك لەو رێکخراوانەی کە سەرە تەقەیەك دەکەن رێکخراوی زۆرو بۆرمان زۆرە. من پێموایە ژمارەیەکی زۆر لەو رێکخراوانەی ژنان کە لە کوردستان هەنە، تەنها بەناو رێکخراوی ژنانن واتە زۆرتر شکڵی دایرەیان بەخۆوە گرتووە، کارمەندەکان دەچنە سەردەوام‌و بنکە دەکەنەوەو چای دەخۆنەوە تا دەوام تەواو دەبێت. ئەم رێکخراوانە دەورو کاریگەرییان نییە لەسەر بەرەوپێشبردنی جێگاو رێگای ژنان، بەڵکو ملیان داوە بە حاڵەتێکی باو کە ژیان هەر بەوجۆرە دەڕواتە پێشەوەو وردە وردەو پاش چەندین سەدە شایەد خۆ بەخۆ ژیانی ژنانیش بگۆڕێت!؟. جۆرێکی تر لە رێکخراو هەن، کە بەبڕوای من نەك هەر کۆمەك ناکەن بە کەمکردنەوەی توندوتیژی لەناو خێزانەکاندا بەڵکو خەتەرێکی جدین لەسەر ژنان کە ئەویش رێکخراوە ئیسلامیەکانن کە خەریکن دەرسی حیجاب دەدەن بە ژنان بەوپێی مەعلوماتێك کە من هەمە پارە دەبەخشنەوە بەسەر ژناندا تا حیجاب بکەن. بێجگە لەوەش ئەرکیان ئەوەیە کە ژنان بگەڕێننەوە بۆ ناو چواردیواری خێزان‌و موقەدەس کردنی خێزان بە جۆرێك کە ببێتە جەهەنەمێکی تەواو بۆ ژنان. ئەمانە بۆیە خەتەرن چوونکە پارەدارن‌و هاوکات هەڵدەسوڕێن. بەڵام ئایا پاش ئەو ئاڵوگۆڕە جدیانەی کە لە ژیانی رێکخراوەییدا لە کوردستان بە دیهاتووە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمە رێکخراوەکانی دیفاع لە مافی ژنان دەبێت کاری جدی ترو لێبڕاوانەتر بکەین؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە هەدەفی ئەسڵیمان یەك بێت‌و دووژمنی سەرەکیشمان یەك بێت؟ حەتمەن وەك ووتم، رێکخراو هەن کە کار دەکەن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی بەڵام ئەم کارەی ئێمە ئەیکەین کاری کیسەڵیە، خاوە خاوو کاتمان بەفیڕۆ دەبەین، من لەم رەخنەیەمدا رێکخراوی خۆشمانم مەبەستمە.

زنار: لەشفرۆشی رۆژ بەرۆژ لە کوردستان بەرەو زیادبوون دەچێ‌و کەم رۆژ هەیە لە رۆژنامەکان هەواڵی دەستگیرکردنیان نەبیستین، لە کاتێکدا لە عێراق‌و کوردستان یاسایەك نییە بۆ چارەسەکردنی ئەو گرفتە جگە لە گرتن‌و ئازاردان، دەکرێ چ میکانزمێك بۆ ئەم دیاردەیە بگیرێتەبەر؟.

رێگا رەئووف: پێش هەرشتێك ئەبێت هۆکارەکانی لەشفرۆشی بناسێنین تا بتوانین چارەسەریشی بۆ بدۆزینەوە. لەشفرۆشی لەتەواوی دونیادا هەیەو سەبەبی سەرەکیش هەژاری‌و نەبوونییە، بێگومان لە خاڵی سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە ئابووری دەسەڵاتی گەورە ئەدات بە پیاو لێرەدا تەئکیدی لێدەکەمەوە، ئەو کەسانەی



که لەشی ژن دەکڕن دوو هۆیان هەیە بێجگە لە حەزوو ئارەزووی نا ئینسانیان ئەویش بوونی پارەو نیشاندانی دەسەڵاتە. بەڵام جۆرێکی تر لە لەشفرۆشی لە کوردستان پەیا بووە کە زۆر تازەیە ئەویش هاتنی باندەکانی مافیای لەشفرۆشییە بۆ رفاندنو فرۆشتنی ژنان بە وڵاتانی دراوسێو دەرەوە کە ئەمەشیان زۆر جار بەهۆی کەوتنە داوی خۆشەویستیو دواتر وەعدەدان بە ژیانێکی خۆش بەڵام لە جێگەیەکدا دەفرۆشرێن بە بازرگانەکان. چیبکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە؟ بەر لەهەرشتێك دەبێت قانوونێك پەسەندبکرێت بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە کڕینی لەشفرۆشو لە بەرامبەیشدا پاراستنی ژیانی قوربانیانی ئەم دیاردەیە. بێجگە لەوەی کە دەبێت لە باری قانوونیەوە کار بکرێت بۆ ئەم مەسەلەیە، دەبێت لەباری ئیعلامیشەوە کاری جدی بکرێت: بۆ نموونە کردنەوەی هەڵمەتەکانی وشیارکردنەوەی خەڵك بەتایبەت ژنانو کچان بە زیانەکانی ئەم کارەو ئاگادارکردنەوەیان لە کەوتنە داوی ئەم باندانەی کە باسمکرد. خاڵێکی تر کردنەوەی دەوراتی رۆشنبیری بۆ خۆپاراستن لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانەی کە لەم رێگایەوە خەتەری گواستنەوەیان هەیە. خاڵی کۆتایی لەهەمووی گرنگتر، ئەرکی دەسەڵاتدارانە کە کۆمەکی مادی بکەن بەو کەسانە یان ئەو خێزانانەی کە مومکینە دەست بەرن بۆ ئەم کارە بەهۆی خراپی باری ئابووریانەوە. نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە ئاکامەکانی شەڕە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقو کوردستان بۆتە هۆی لەدەستدانی کەسانێك کە بژێویماڵیان بەدەستەوە بووە، بۆیە کۆمەکی مانگانەو بەردەوام دەوری سەرەکی هەیە لە قەڵاچۆکردنی ئەم کێشەیە. دەبێت کۆمەکی قوربانیانی ئەم کارە نائینسانیە بکرێت تا بگەڕێنەوە سەر ژیانی عادیو نۆرماڵی جارانیان، بەوەی کە ئیحتڕامو شەخسیەتی ئینسانیان بپارێزرێتو وەك قوربانی سەیر بکرێت نەك وەك تاوانبار.

**زنار: دوا پرسیارمان سەبارەت بە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانە، پێتوانیە ئەم رێکخراوە زیندوە بووە قوربانی باشکۆیەتی بۆ (حککع)و ژنانی کوردستان رێکخراوێکی گرنگیان لەدەست چوو، بە جیا لەو رووداوەی کە لە ١٤/٧ لە سلێمانی روویدا؟**

رێگا رەئووف: مەسەلەی پەیوەندی ئێمەو حیزبو سەرەنجام داخستنی بارەگاکانمان زۆر لەوە واوەتر بوو تەنانەت سنووری عیراقیشی تێپەڕاندو لە ئێران قەراری لەسەر درا. بەڵام حەتمەن بە چاوگێڕانەوەیەك بەکاری دەورەی رابردوومانددا دەبێت دەرسو تەجروبە وەبگرین لەو هەڵانەی کە کردومانە. سەبارەت بە پاشکۆیەتیمان بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هێشتا باجەکەی ئەدەینەوەو نەمانتوانیوە یاخود باشترە بڵێم بۆمان نییە رێکخراو درووست بکەینەوە لە کوردستان. من خۆم بڕوام بە سەربەخۆیی رێکخراو لە ئەحزاب هەیەو هەوڵی جدیشمدا کە ئەم سەربەخۆییە رابگرم بەڵام هاوکات بە تاواوی قەناعەتەوە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان رێکخراوێکی چەپو کۆمۆنیستی بوو لەم روانگەیەشەوە کارمان دەکرد بۆ ژنان ئەگینا جیاوازیمان نەدەبوو لەگەڵ رێکخراوەکانی تردا. بەڵام کۆمەڵگای کوردستانیش حەقیقەتێکی بەسەرماندا سەپاند، بمانەوێو نەمانەوێ تەواوی رێکخراوەکانی ژنانی سەر بە ئەحزابەکان بوون، ئەمە هەموومانی گرتەوە نەك تەنها رێکخراوی ئێمە. من نازانم ئەگەر پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستمان نەبوایە ئێستا لەکوێ دەبووین ئەم وەڵامەیان بەداخەوە ناتوانم بدەمەوە. راستت پێ بڵێم بۆم سەختە بڵێم ژنانی کوردستان ئێمەیان لەکیس چووە بەتەواوی چونکە وەك وتم لەسەرەوە ئێمە بنکەو بارەگامان نییەو تەنانەت حزووری دایمیشمان نییە بەڵام تا ئەو جێگەیەی لە تواناماندا بێت هەوڵمانداوە کە ئەم بۆشاییە رۆژ لەدوای رۆژ کەمتر بکەینەوە.. نموونەشەم ئەو کەمپینانەیە کە لەدنیا دەنگی داوەتەوەو تایبەت بووە بە کوردستان، بە واتایەکی تر دەتوانم بڵێم کە شێوەیەکی زیاتر جیهانی بەخۆیەوە گرتووە.